# هۆڵی ئاشتی مێژوو تۆمار دەکات



کاتێ گوڵ پێشکەش بە سەرکردیەک دەکرێ

**دکتۆر سەپان**

میلی کاتژمێر چک چک، بەرەو پێشەوە دەچێت و هۆڵی ئاشتیش وەک گۆمێکی مەزن، هێواش هێواش لە خەڵک پڕ دەبێت. لێرە ئاهەنگە و مێژوو تۆمار دەکرێ. ئاخر چۆن مێژوو نانووسرێ، ئەگەر سورِ بزانی خۆشەویستترین کەسی هەولێر و کوردستان دەبنە میوانی هۆڵ و جەماوەری ئامادەبوو؟
میلی کاتژمێر لە دوو و نیو ڕەتیداوە و خەڵک سەیری کاتژمێرەکەیان دەکەن و دەزانن ئەوەی چاوەڕێن، بەمزووانە بەدیار دەکەوێت و ئەو خەریکە دەگات.... نزیکەی ١٥ خولەکی ماوە بۆ سێ و خەڵک هێشتا چاوەڕێن.. قافڵەی ئۆتۆمبێلەکان بەڕێوەن و بەرەو ئەوێندەر دەڕوات، هەموویان دەزانن ئێستا نا تۆزێکی دیکە ئەوەی ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێ و گەلەک زووتریش چاوەڕێی بوون دەگات...
کاتژمێر بۆتە دوو و پەنجا خولەک، ئەوەی ئەوان چاوەڕێی بوون گەیشتە هۆڵی ئاشتی. ئۆتۆمبێلی ئەو لەبەردەم دەرگا دەوەستێ و هەر لە دوورەوە دەنگی چەپڵە، هاواری خۆشی، دەبیستی. کاک کۆسرەت رەسول گەیشت. لەم هۆڵە گەورەیە، کەس بیر لە هیچ ناکاتەوە. هۆڵ لە خۆشیان دەکوڵێ و بە درێژایی مێژووی دروستبوونی لەمشێوە ئاهەنگەی بەخۆیەوە نەبینیوە، کێ دەڵێ جارێکی دیکە دەیبینێ. مێژوو لێرە و ئەمڕۆ دەنووسرێتەوە.
هۆڵی ئاشتی دەکەوێتە سەر شەقامی سەدمەتری و لە ڕۆژئاوای هەولێرە. ئەمڕۆ پڕیەتی لەخەڵک و چەند هەزارێکی لێ کۆبۆتەوە. کیژ و ژن، هەر هەمووی جلی ئاهەنگیان لەبەرە. جلی ئاهەنگ لەو هۆڵە و تەواوی کوردستانیش جارێ، جلی فۆلکۆلۆری کوردییە. چەپڵە لێدان بەردەوامە و خەڵک بەپێوە وەستاون. کوڕو گەنج و پیاو بە جوانترین جلی خۆیان، بۆ پێشوازیکردن لە سەرکردە و قارەمانی خۆیان بۆ ئەم ئاهەنگە هاتوون. ئەگەر تۆ پێشتر کاک کۆسرەت لە نزیکەوە نەناسی، دیراسەی شەخسییەتی ئەوت نەکردبێ، مێژووی ئەوت نەخوێندبێتەوە، لەوانەیە تێنەگەیت، چۆن مرۆڤێک ئەوەندە زۆر لەناو خەڵک خۆشەویست دەبێت. ئەگەر تۆ ئەوانەی سەرەوە بزانیت، تێدەگەیت، ئەو خۆشەویستییە چۆن دروست بووە. دەزانی، هەمووی لە ئەنجامی خەباتی دەیان ساڵەی ئەو، لە ئەنجامی تێکۆشینی بێپچرانی تەواوی ژیانی ئەو، لەپێناوی ژیانی سادە و ساکار، وەفای ئەو بۆ خانەوادەی شەهیدان و دۆست و برادەر دروست بووە.
زۆر لەوانە، خزم و کەسی شەهیدن لێرە کۆبوونەوەو دەیانەوێ بەهەردووک چاوی خۆیان ببینن، قسەکانی سەرۆکی خۆیان ببیستن.
هەر لەم هۆڵە، سەدان ئاڵای گەورە و بچووکی سەوزی یەکێتی، سەدان ئاڵای لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کۆمەڵێک وێنەی زۆر گەورەی کاندیدەکانیش هەڵواسرابوون. سەدان وێنەی کاک کۆسرەتیش لە باوەش و دەستی ئامادەبووان دەبیندرا.
ئێستا ڕێباز بێرکۆتی بەرپرسی مەڵبەندی ١٨ هاتە سەرشانۆ و تاری دا. پێش ئەویش کیژ و کوڕێک هەندێک هەڵبەستیان خوێندەوە. ڕێباز با قسە بکات، با وتار بدات، لە وتار و قسەکەشی هەرچی دەیەوێ با بیڵێ، نەکەس لۆمەی دەکات، نە کەسیش لێی تورە دەبێت، ئاخر تۆ چۆن تورە دەبیت، ئەگەر سورِ بزانی کۆسرەت رەسول لەگەڵ تۆ گوێی بۆ قسەکانی ئەو شل کردووە. کاک ڕێباز خۆی، لەگەڵ من و تەواوی ئامادەبووانیش بۆ بینینی کۆسرەت هاتبوون. ئاخر تەنیا بۆ ئەو لە هەولێر، ئەو هەموو خەڵکە کۆدەبێتەوە. شاری هەولێر لە مێژووی پڕ شانازی خۆی، کەسێکی وەک کۆسرەت رەسولی بەخۆیەوە نەبینیوە، کە ئەوەندە یارمەتی خەڵکی هەژاری ئەو شارەی دابێت. ئەوەندە بەرگری لە ژیانی هاووڵاتییانی ئێرە کردبێت.
خۆشەویستی نابەخشرێ و وەک ئازادی دەسەندرێ. یان باشترە بڵێین وەدەست دەهێندرێ. ئەم خۆشەویستییە گەورەترین دیاری دانیشتوانە، بۆ کاک کۆسرەت. نە خەڵک هیچی لە کاک کۆسرەت دەوێ و نە کاک کۆسرەتیش هیچی لەوان دەوێ. تەنیا بینین. تەنیا بینین و هیچی دیکە لێرە و ئەمڕۆ پێویست نییە.
دەنگێگ بە گوڕ و خرۆشەوە هاوار دەکات و دەڵێ:
- ئێستاش با جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بفەرموێ.
هێشتا هیچ ناوێک نەهاتووە و ناوی کۆسرەت لە دەمی ڕێباز نەهاتۆتە دەر، دەنگی چەپڵە دیسان ئەو هۆڵە مەزنە دەهەژێنێ. تۆ بۆ زیاتر گوێی خۆت شل بکەیت، تا گوێت لە وشەی کۆسرەت دەبێ، خۆ هەرهەموویان دەزانن مەبەستی ڕێباز بێرکۆتی کێیە.
خەڵک زیاتر لەسەر کورسییەکان دانانیشن و بەپێوە وەستاون. فیکە، چەپڵە، پێکەنین و ڕووخۆشی و هاوار هۆڵ دەهەژێنێ. پێشمەرگەکان، کۆریدۆرێکی بچووک بۆ کاک کۆسرەت دروست دەکەن و ئەویش بە هەنگاوەکانی بەرەو شانۆ دەڕوات و ڕوشی وەک هەڵۆ لەئاسمانە و زەردەخەنە لەسەر ڕووی دەبارێ بەناو خۆشەویستانی خۆی هەنگاوەکانی دەهاوێژێ و سەیریان دەکات. لەناو چەپڵەڕێزان دەڕوات. من دەمبینی، زۆر بەئاسانی دەکرا، کۆریدۆرەکە فراوانتر بکرێ، بۆئەوەی شانی کاک کۆسرەت بەکەس نەکەوێ، بەڵام ئەگەر ئەو هەموو ژیانی خەباتی بۆ خۆشکردنی گوزەرانی ئەوان کردبێ، ئەگەر ئەو بۆ ئەوان بژی و تامی ژیان لە خۆشەویستی ئەوان وەربگرێ، کۆردیۆری گەورەی بۆچییە؟ ئەگەر بەنیازی کۆریدۆری گەورەبووایە، خەڵک لەتەواوی ڕێگا، بۆی بەپێوە نەدەوەستان. باشە ئەو خۆشی کوڕی کابرایەکی وەک ئەوان نییە، ئەی خۆشی لەناو ئەوان گەورە نەبووە. بۆچی ژیانی خۆی بگۆڕی، ئەگەر بکرێ نەگۆڕی. ئەوانە هەموو پرسیار بوون و لەمێشکی من دەهات و دەچوون. هەر ئەم نزکبوونەوەش جەنابی کۆسرەتی ئەوەندە لەناو خەڵک خۆشەویست کردووە.
ئێستا کاک کۆسرت گەیشتۆتە سەرشانۆ و سەدان دەست و قۆل دەبینی، مۆبایلیان دەرهێناوە و قارەمانی فیلمی ڕۆژ و ژیانی خۆیان دەگرن. من وامدەزانی زیاتر خەڵک بەپێوە ناوەستێت و وەک پێش هاتنی ئەو دادەنیشن، بەڵام کێ ڕێگای بەخۆدەدات، ئەگەر بتوانێ بەپێوە بوەستێت و لە دوورەوە کەمێک کاک کۆسرەت ببینێ، بۆچی دابنیشێ. باشە دەکرێ، بۆ بینینی کۆسرەت هاتبێت و نەیبینێ. ئەی بۆچی هاتووە.
"خوشک و برایانی خۆشەویست".
ئەمە ڕستەی یەکەم بوو لەدەمی کاک کۆسرەت دێتە دەر و دیسان چەپڵە و هاواری خۆشی دەستپێدەکاتەوە. خوتبەیەکی کورتی چەند خولەکی پێشکەش دەکات و لەو قسانەش بەبیر خەڵک دەهێنێتەوە، بەوەی ئەوان ئەو ڕۆژەیان دروست کرد و قەتیش نابێ داستانە مەزنەکان لەبیر بچن. ئەوان خەباتییان کردووە و بەرگرییان لەمافی هەموان کردووە. ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت:
- هەندێک لەوبڕوایەدان، یەکێتی لاواز بووە، ئێوە بەدەنگی خۆتان دەیسەلمێنن، یەکێتی قەت لاواز نەبووە. وەک هەموو کاتێک بەهێزە. ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن هەڵەن. چەپڵەڕێزان دیسان بەردەوامە و خەڵکیش وەک پێشتر بەپێوە وەستاون. بێدەنگ، بەڵام بە زمانی جەستە خۆشحاڵی خۆیان بۆ کاک کۆسرەت دەربڕن.
ئەم هاتنەی کاک کۆسرەت لەڕاستیدا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو، بۆئەوەی ئامادەبووان دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لەناو ئەویش بە کاندیدەکانی یەکێتی نیشتمانی بدەن.
خوتبە تەواو، من دێمە دەرەوە و بەرەو ئەو ئۆتۆمبیلەی منی هێنابوو، دەچم و چاوەڕێی هاوەڵەکانم دەکەم، چونکە هەر ئەمڕۆ شوێنێکی دیکەش ماوە کاک کۆسرت بۆی بچێت، چونکە باش دەزانێ، ئەو بۆ خزمەتکردنی ئەوان دەژی و لەدایک بووە.



جۆش و خرۆشی هەوادارانی یەکێتیی هۆڵی ئاشتی دەلەرزاند

# ئەمڕۆ شەهیدی سەرکردە "نوری ئیسماعیل نانەکەلی" دەنگ دەدات

**بەهرام محەمەد**

شەهید "نوری ئیسماعیل سالح" ناسراو بە نوری نانەکەلی لە ١٩٤٩/٧/١ لەگوندی "شێخ شەروان" چاوی بە دنیای ڕۆشن هەڵهێناوە، کە یەکێکە لە گوندەکانی سنووری شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بەپارێزگای هەولێر.
شەهیدی نەمر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەک کۆرپەڵەیەکی ژیکەڵە لەباوەشی خانەوادەیەکی ئایین دۆستی کوردپەروەر گەشەدەکات و پێدەگات، کاتێ کە تەمەنی دەگاتە هەشت نۆ ساڵان ئینجا هەروەکو منداڵانی دیکەی گوندەکە ئەویش دەچێتە بەرخوێندنی قوتابخانەو لەساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ بۆ یەکەمجار لەقوتابخانەی گوندی عەوێنە لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی ناونووس دەکرێ، قۆناغی سەرەتایی لەم گوندەدا تەواودەکات و بۆ خوێندنی ناوەندی ڕوو لەشاری هەولێر دەکات و لەخوێندنگای ناوەندی زازا لەپۆلی یەکەمی ناوەندی لەو قوتابخانەیە بەردەوام دەبێت، هەروەها لەبەرئەوەی لەگوندەکەی خۆیان یەکەمی سەر قوتابخانەکەی خۆی دەبێت، بۆیە لەبەشی ناوخۆیی وەردەگیرێ.
شەهید "نوری" لەبەرئەوەی لەخانەوادەیەکی ڕێکوپێک و ڕاستگۆو کوردپەروەر بەپاکی و بێگەردی گۆش کرابوو، بۆیە کە لەو بەشە ناوخۆییە وەرگیرا هەمیشە بەدوای ئەو قوتابیانەدا دەگەڕا بیانکات بە هەڤاڵی خۆی، کە هەمان خەسڵەتەکانی ئەویان تێدا بەدی دەکرا.
لەساڵی خوێندنی ١٩٦٤-١٩٦٥ لەڕێگەی نزیکترین هەڤاڵی "کاکل محەمەد تاهیر- ناسراو بە بەهرام" چووە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دواتریش ناو ریزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر چاونەترسی و ئازایەتی و چالاکی و خوێن گەرمی، لە پەیژەی بەرزبوونەوەی سیاسی و ڕێکخستندا زۆر بەپەلە سەردەکەوت و بەزووترین کات پلەکانی پارتایەتی دەبڕی، هەر لەوساڵەدا بووە ئەندامێک لە ئەندامە چالاکەکانی ناو ڕێکخستنەکانی قوتابیانی کوردستان و ساڵی خوێندنی ١٩٦٥-١٩٦٦کرا بە لێپرسراوی ئەو لیژنەیەی لە بەشە ناوخۆییەکەدا کاری ڕێکخستنی ئەنجامدەدا، بەمجۆرە ساڵ لەدوای ساڵ لەبواری ڕێکخستنەکانی قوتابیان و پارتایەتیدا بەرەو لوتکە دەڕۆیشت.
لەساڵی خوێندنی ١٩٦٧-١٩٦٨ قۆناغی خوێندنی ناوەندی تەواوکردو لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی، واتاپەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی ئێستا وەرگیرا، هەر بە وەرگیرانی و دەوامکردنی لەو شوێنە سەنگەری خەبات و تێکۆشانی سیاسیشی بۆ ئەوێ گواسترایەوەو دوای ماوەیەک بوو بە لێپرسراوی ئەو پەیمانگایە، نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە لەبەرئەوەی دەستی نووسینی هەبوو، بۆیە لەساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ بەهاوکاری چەند هەڤاڵێکی لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان توانیان گۆڤاری "تیشک" لەو پەیمانگایە دەربچوێنن، کە خۆی بووە سکرتێری نووسینی ئەو گۆڤارەو ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو.
لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ لەبەر لێوەشاوەیی و چالاکی لە ڕادەبەدەری بووە لێپرسراوی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە کۆنگرەکانی شەشەم و حەوتەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداریکرد، کە لەدوای ڕێککەوتننامەی "١١"ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەستران، لەهەمان کاتدا وەک ئەندام ڕێکخراوێک لە ڕێکخستنەکانی پارتیش کاری ڕێکخستنی پارتایەتی خۆی بەسەرکەوتووانە ئەنجامدەدا.
لەساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کردو بوو بە ئەندامی ناوچەی هێزی سەفین.
ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنەو پێویستە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە، کە هەڤاڵی تێکۆشەر شەهید "نوری نانەکەلی" لەبەرئەوەی زۆر چالاک و چاو نەترس بوو، بۆیە هەمیشە لەژێر چاودێری سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانی دائیرەی ئەمنی ئەوکاتدابوو، هەربۆیەش لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ کە ئەوکات پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، بڕیاری بەندکردنی لەلایەن ئەو دائیرەیەوە دەرچوو، لەهەمان ڕۆژ گیراو خستیانە بەر چەقۆی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕو ماوەی دوو مانگی ڕەبەق بەندکراو دوای دەست نەکەوتنی هیچ بەڵگەیەک بەناچاری ئازادیان کرد.
هەروەها لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٦٩ جارێکی دیکە فەرمانی گرتن و بەندکردنی لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکەی لەلایەن ئەو دەزگا سیخوڕییەی بۆ دەرچوو، بەڵام ئەوجارەیان کاتی پشووی هاوین بوو، خۆی نەدایە دەست و نەیانتوانی بیگرن.
شەهید نوری لەدوای تەواوکردنی پەیمانگای مامۆستایان و بوونی بە مامۆستا، هیواو ئاواتەکانی کۆتاییان پێ نەهات و هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو هەوڵیدا تاکو لەساڵی "١٩٧٢" لە زانکۆی "بەغدا" کۆلێژی "یاسا" وەرگیرا، بەڵام لەبەر تێکچوونی نێوان حکومەتی بەغداو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد، ئەویش وەکو هەزاران خەباتگێڕی دیکەی کورد دەستی لەخوێندن هەڵگرت و رووی لە شاخەکانی کوردستان کردو بووە پێشمەرگە، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وەکو دەیان هەزاری دیکەی خەڵکی کوردستان گەڕایەوە بۆ عێراق و دووبارە دەستی کردەوە بە تەواوکردنی خوێندنەکەی و لە ساڵی "١٩٧٦" بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبواری یاسا وەرگرت و وەک پارێزەرێک لە دادگای هەولێر دەست بەکاربوو.
هەڤاڵی هەمیشە زیندبوو، مرۆڤێکی خزم دۆست و بەوەفاو ڕۆح سووک و خۆشەویستی هەڤاڵ و دۆستانی خۆی بوو، هەروەها لەبواری کارە نوێیەکەشیدا زۆر مکوڕو چالاک و سەرکەوتوو بوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد و بەهانای هەمووشیانەوە دەهات.
ئەگەرچی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کاریگەری بەسەریدا هەبوو، بەڵام ورەی بەرزی کوردایەتی هەمیشە لەناخیدا گەشەی دەکردو نەیدەهێشت کۆڵبدات لەو بوارەداو هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە هەبوو، کە لە ڕێکخستنەکانی حزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردیەتیدا کاری سیاسییان دەکرد، بۆیە لەدوای ڕاپەڕین لە١٩٩١/٦/١٠ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بە سەرۆکی دادگای میحوەری هەولێر لە شەقڵاوە دەستنیشانکراو، وەک دادوەرێکی دادپەروەرانە ئەم دادگایەی بەڕێوەدەبرد. لە ١٩٩١/١٠/١ بوو بە سەرۆکی دادگای باڵای تەمیزی کوردستان، دواتریش پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی "ی.ن.ک" کرد و لەساڵی ١٩٩٢ لەبەر چالاکی خۆی و ناوبانگی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە لێپرسراوی کۆمیتەی "٣"ی ڕێکخستنی هەولێر هەڵبژێردرا، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٣ بە نەقیبی سەندیکای پارێزەران هەڵبژێردراو هەر لەم ساڵەدا بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی کاسبکاران. بەڵام داخەوە دەستی ڕەشی تیرۆر نەیهێشت هیواو ئاواتەکانی ئەم هەڤاڵە خوێن گەرمە بە ئامانج بگات و لە شەوی ١٩٩٤/١١/٢٧ چەند داخ لەدڵێک ڕێگەیان لێگرت و هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی گوللە بارانیان کرد و شەهیدیان کرد.
ئەمڕۆ ژینی کچی خۆی دەپاڵێوێ بۆ پەرلەمانی عێراق، دڵنیاین خۆشەویستانی شەهید نوری نانەکەلی لەو ڕۆژە مێژووییەدا بێ وەفا نابن.

**تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری "هەرێمی کوردستان" وەرگیراوە، تەنیاناونیشانەکەیمان گۆڕیوە.**



شەهید نوری نانەکەلی لە حزووری هەڤاڵ مام جەلالدا

# هەولێر هێمنترین و ترسناکترین شارە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن


ئەرشیف

## شیکاری بەدرخان

لە ئێستادا کاریگەرترین و گرنگترین بابەت کە جێگای قسەو باسەو قسەی لەسەر دەکرێ، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە کە لە "٣/٧" لە سەرجەم عێراق بەڕێوەدەچێ، بەپێی ئەو زانیارییە گرنگانەی دەست بەدرخان کەوتوون لە راپۆرتێکی شیکاریدا زانیارییە وردەکان دەخەینە روو..

### بانگەشەی هەڵبژاردن

دوای ئەوەی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە راگەیەندرا، کە رۆژی ٢/١٤ وەکو یەکەم رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن دیاری کرا، هەموو لیستەکان هەریەکەو بەپێی قەوارەی خۆی دەستیان کرد بە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەگەرچی لەو بانگەشەیەدا بەشێک لە لیستەکان بانگەشەی هەڵبژاردنیان وەکو توندوتیژی بەکارهێنا، لەو ناوەشدا شەڕە گەورەکە لەنێوان لیستی گۆڕانی کۆمپانیای وشەو لیستی کوردستانی بوو، کە بەبڕوای بەشێکی زۆر لە خەڵکی سلێمانی سەران و هەوادارانی گۆڕان بە شێوەیەکی ناشارستانیانە ئەو بانگەشەیەیان دەست پێکردووە.

### کاندەکان و گرنگی کەسایەتییەکانیان

لەو هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی دیکە، وێڕای ئەوەی تاکی دەنگدەر لیست یا قەوارەیەک هەڵدەبژێرێ، لە پاڵ ئەوەشدا کاندیدێک لەو لیستە هەڵدەبژێرێ، بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەی زۆر گرنگەو جێگای بایەخە ئەوەیە پێویست بوو حزبەکان زیرەکانە کاندیدەکانی خۆیان هەڵبژێرن، لەوەدا بە بڕوای شارەزایانی بواری سیاسەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیرەکانە مامەڵەی کردوە لەگەڵ هەڵبژاردنی کاندیدەکانی و دەیەوێ کاندیدەکان خۆیان دەنگ بهێنن.

### پارتی بە میحوەر ئیش دەکا

وەکو سیاسەتمەداران دەڵێن بەوپێیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکانی ئیشی نەکردووە لەسەر کەسی دیار، بۆیە پارتی هەر کاندیدەو دایناوە بۆ ئەوەی لەرێگای چەند ناوچە یا رێکخراوێکەوە دەنگی بۆ کۆبکاتەوە، بەڵام پارتی لەوە ترسی هەیە، لەبەرئەوەی هەمووومان دەزانین ئێستا خەڵک وەکو جاران گوێڕایەڵی حزب نییە، هەربۆیە پارتی ترسی هەیە لەوەی کادیر و ئەندامانی دەنگ بەو کەسە دیاریکراوانە نەدەن و دەنگەکانیان تەناقوز بکاو پارتی شکستێکی بچووک بێنێ.

### یەکگرتوو و کۆمەڵ ئایین بۆ بانگەشە بەکاردێنن

هەردوو لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن جیا لەوەی کە لە هەڵبژاردنی کاندیدەکانیان هەوڵیانداوە مەلاکان و کەسە دیارە ئایینییەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی دەنگ بەدەست بهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەشێکی خەڵکی نیگەران کردووە ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێ ئایین بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەکاربێنن، روونترین و دیارترین نموونە رستەیەکی کۆمەڵی ئیسلامییە کە دەڵێ"لیستی کۆمەڵ هەڵبژێرە، بۆ دنیاو قیامەتت خێرە" دیارە هەموومان دەزانین ئەو جۆرە بانگەشەیە بۆ ئەوەیە خەڵک لە قیامەت بترسێ و دەنگی پێ کۆبکەنەوە.

### گۆڕان پەرلەمان بۆ بانگەشە بەکاردێنێ

لیستی گۆڕان وەکو لیستێکی ئۆپۆزسیۆن هەر لە سەرەتای بانگەشەوە کار لەسەر کەموکورییەکان و کێشەکانی خەڵک دەکا بۆ بانگەشە، گرنگترین خاڵێک کە گۆڕان قۆستیەوە مەسەلەی تەپە تەپەکەی پەرلەمان بوو، بەڵام ئەوەی بەوردی سەیری ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان بکا بۆی دەردەکەوێ کە ئەو مێز کوتینەی لیستی گۆڕان لەسەر بودجە نەبوو، بەڵکو لەسەر قسەکردن بوو، کێشەکەش لەوە سەری هەڵدا کە هەندێک دەیانگوت هەر ئەندام پرلەمانێک ٣ دەقە قسەبکاو ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەیانگوت ٥ دقە، بۆیە قبوڵنەکردنی ئەو ٥ دەقەیە بووە هۆی ئەو هەرایەو گۆڕانیش زیرەکانە ئەو بابەتەیان بۆ بانگەشە قۆستەوە.

### کەرکووک و ماددەی ١٤٠ وەک کەرەستەی پێویستی بانگەشە

دیارە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ و نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کارکردن لەو خولەی پەرلەمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە لیستەکان کاریان بۆی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پارتی و یەکێتی زیرەکانە مامەڵەیان کردووە لەگەڵ دیاریکردنی کاندیدەکانیان لەو شارە، بۆ نموونە یەکێتی هەریەک لە"د. نەجمەدین کەریم و د. خالید شوانی" داناوە و پارتیش "عارف تەیفوور"ی داناوە کە ئەوانە کەسی دیار و کاریگەرن، بۆیە شانسی ئەو دوو حزبەو زیاتر یەکێتی زیاترە لە حزب و لیستەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەو پارێزگایە.

### گۆڕان و حەدبا و جەبهەی تورکمانی

دیارە لەدوای ئازادکردنی عێراق چەند حزب و لایەنێک هەن دژایەتی کورد و مافە رەواکانی دەکەن، لە کەرکووک جەبهەی تورکمانی و لە موسڵیش لیستی حەدبا، کەچی سەیر لەوەدایە لیستی گۆڕان وەکو لیستێک کە دەڵێن کار بۆ خەڵک و وەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن، لەپاڵ ئەوەشدا لە موسڵ و کەرکووک کۆبوونەوەی ژێربەژێر و نهێنیان کردووە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە کە پێمانوایە ئەوە لە زەرەری کوردەو کاریگەری سلبیش دەکاتە سەر ئاستی دەنگەکانی گۆڕان لە کوردستان.

### مام جەلال بۆ کەرکووک و کۆسرەت رەسول بۆ هەولێر

دیارە بۆ ئەو هەڵبژاردنە هەریەک لە حزب و لایەنەکان هەوڵی ئەوە دەدەن زۆرترین رێژەی دەنگەکان مسۆگەر بکەن، بۆ ئەوە جیا لە حزب و پارتەکانی دیکە پارتی بێ دەنگە لەڕووی سەرکردایەتییەوە، وەلێ یەکێتی مام جەلالی داناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک و کۆسرەت رەسولیش بۆ هەولێر و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ سلێمانی و مەلا بەختیاریش بۆ خانەقین، کە بەبڕوای توێژەران و شارەزایانی بواری سیاسەت ئەو بەرنامەیەی یەکێتی کارێکی زۆر باشەو کاریگەری ئیجابی دەبێ لەسەر دەنگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو هەوڵیانداوە لەرێگای مەلا و کەسە دیارەکانی خۆیان دەنگ کۆبکەنەوە.

### کاندیدکردنی عەلی باپیر زیانە بۆ کۆمەڵ

ئەگەرچی لەوانەیە کۆمەڵی ئیسلامی عەلی باپیری بۆ ئەوە کاندید کردبێ کە دەنگی زۆری پێ کۆبکاتەوە، وەلێ بۆ داهاتوو ئەوە لە بەرژەوەندی کۆمەڵ نییەو بەبڕوای زۆرێک لە ئیسلامییەکان بەچوونی عەلی باپیر بۆ بەغدا رەوشی کۆمەڵ بەرەو خراپی دەڕوا، ئەوەش دەرفەتی زیاتر بۆ یەکگرتوو و بزووتنەوە دەرەخسێنێ لەرێگای تەنزیماتی خۆیان پێگەی کۆمەڵ لاواز بکەن.

### بێدەنگی هەولێر و ترسی لیستەکان

جیا لە زۆربەی شارەکانی دیکە خەڵکی هەولێر کڕ و بێ دەنگن، بۆیە دیارنییە خەڵکی هەولێر کێ هەڵدەبژێرن و هەموو لیستەکان ترسیان لە هەولێر هەیە، لەبەرئەوەی هەموو پێشبینییەکان بۆ هەولێر جێگای ترسن و دیارنییە کێ دەردەچێ.

### هاوپەیمانی لەپێشەوەیەو گۆڕان و یەکگرتووش لە کێبڕکێدان

بەپێی ئەو راپرسییەی بەدرخان ئەنجامی داوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان براوەی هەڵبژاردنەکەیەو زۆرترینی دەنگەکان بەدەست دێنێ، بە جۆرێک لە هەولێر یەکێتی ٤ بۆ ٥ کورسی و پارتیش ٥ بۆ ٦ کورسی و یەکگرتووی ئیسلامی ٣ کورسی و گۆڕان ١ کورسی و کۆمەڵ ١ بۆ ٢ کورسی، لە کۆی ١٤ کورسی.

بۆ سلێمانیش شانسی پارتی لە هەموو حزبەکان خراپترە، بەجۆرێک یەکێتی ٨ بۆ ٩ کورسی و گۆڕان ٥ بۆ ٦ کورسێ، هەریەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتیش یەک کورسی بەدەست دێنن، لەکۆی ١٧ کورسی.

لە دهۆک شانسی یەکێتی وەکو پێویست نییە، لەکۆی ٩ کورسی یەکێتی ١ بۆ ٢ کورسی و پارتی ٥ بۆ ٦ کورسی و یەکگرتوو ٢ بۆ ٣ کورسی، هەریەک لە گۆڕان و کۆمەڵ شانسیان خراپە.

پارێزگای کەرکووک وەکو شوێنێکی گرنگ و جێی بایەخی لیستەکان، لە کۆی ١٢ کورسی، یەکێتی ٤ کورسی و پارتی ٢ کورسی و گۆڕان ٢ کورسی، تورکمانەکان ٢ کورسی، عەرەبەکانیش ٢ کورسی.

لەشارەکانی سڵاحەدین و موسڵ و دیالەو بەغداو شوێنەکانی دیکە، لیستی هاوپەیمانی ٧ کورسی و یەکگرتوو ١ کورسی و گۆڕانیش ١ کورسی بەدەست دێنن.

# ئینسکلۆپیدیای هەولێر و پرۆژەیەکی گرنگی مێژوویی



## شیلان یاسین

ئەگەرچی لای هەموومان ئاشکرایە کە چۆن مێژوو گرنگی و هەیمەنەی تایبەتی هەر میللەتێکە و گشت میللەتانی دونیا بەهۆی بایەخدانی گرنگیان لە بواری مێژووییەوە توانیویانە وەکو ئامرازێک بۆ مانەوەی خۆیان و بەگران سەیر کردنیان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و کیانی تایبەت بە خۆیان .

ئەوەی من مەبەستمە بە گرنگ سەیر کردنی مێژووە، چونکە وەکو دەڵێن مێژوو خۆی دەنووسێتەوەو خۆی دووبارە دەکاتەوە . کەئەوەش دەبێتە دەسکەوتی هەرە گرنگی بە دیهاتوو کە بەداخەوە زۆرجار ناحەزان شێواوی و نابەرپرسیایێتی بەرامبەر مێژوویەک تۆمار دەکەن ئەگەرچی دووریش بێت لە واقیع بەڵام دەیکەن بەراستی و بەسەریدا فەرز دەکەن.

شاری هەولێر یەکێکە لەو لایەنە کە تاکو ئێستا ئەگەر لە زانکۆکانمان بیانویستایە توێژینەوەیەکی قووڵی لەبارەوە بکەن بەئەستەم دەتوانرا سەرچاوەی سەرەکی پراو پر دەسکەوێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە پشتی پێ ببەسترێت، خۆئەگەر هەشبوایە ئەوا زۆر کەم بوو جگەلەوەش بەدوا داچوونی زۆریشی دەویست .

ئەوە ئەگەر لە لایەنی مێژووییەوە باسی بکەین، ئێ خۆئەگەر لەلایەنی جوگرافی و هەڵکەوتنی لەرووی پێکهاتە و دەسپێکی ژیانی و پێکهاتەی نەتەوەیی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...هتد باس بکەین ئەوا هەر مەپرسە چەندە هەژار بوو .

کەواتە لێرەدا ئەوا لە لایەنی دابینکردنی سەرچاوەی تێرو تەسەل و پشت بەستنی سەرەکی بۆ ئەم ئینسکلۆپیدیایە ئەگەر بایەخی خۆی هەبێت بۆ توێژەران ئەی لە لایەنی کلتورو هونەری و بوارەکانی تری ژیان ؟

خۆئەگەر دوای پانزدە ساڵی تر ئەم بەتەمەنانەی ئێستا نەمێنن ئەوا کەسێک نەبوو بیتوانیبا باسی کۆنێتی شاری هەولێر و بیرەوەرییەکانی ئەوکاتمان بۆ بکات و رەنگە خۆشمان ئەو حەزەمان تێدا نەمێنێت هەر گوێیان لێبگرین. ئەگەر باس لە مێژووی دروستبوونی هەر گەرەک و سوچێکی ئەو شارە بکەین و گرنگترین یادەوەریەکانمان لەلا گەلاڵە بێت خۆ ئێستا ئینسکلۆپێدیا وەکو نوقلانەیەکی حازر بەدەست پێشکەشمانی کردووە.

خۆراک و داب و نەریت و کەسایەتی و ناودارانی ئەم شارەش هەریەکەیان چێژێکی تایبەتیان هەیە و مرۆڤ هەر حەز دەکات لەکاتی گەڕانەوە بۆ دواوە و ئاوردانەوەیەک لە رابردوو ئەم لایەنانەشی بیر نەچێتەوە و بزانێت داخوا ئەو کات سادەیی خەڵک و خۆشی ژیان چۆن چیمان فێر دەکات لە ئێستادا.

چونکە کە ئینسکلۆپیدیای هەولێر دەخوێنیتەوە ئەوکات ئەو جیاوازییە گەورەیەی سەردەمی ئێستا و ئەو کاتت بۆ بەدیار دەکەوێت و دەزانیت کە ئێستا دونیا چی لێهاتووە و چۆن هەر یەکەمان بوینەتە پێنج شەش کاراکتەری جیاواز و تەنانەت لەگەڵ خۆشماندا رووە بنەڕەتیەکەما ن نییە و هەمیشە ونیین و بەدوای خۆمان دادەگەڕێین و بۆمان نادۆزرێتەوە . سادەیی ئەو کات و ئاڵۆزی ئەم سەردەمە دوو رووی زۆر جیاوازن . بە خوێندنەوەی ئەم دە بەرگەی ئینسکلۆپیدیا دەزانیت کە هەولێر چییە و چۆن و چ گرنگی تیادایە و چۆن تاکو ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە بەداخەوە رۆژانە هەندێک قسەمان بەر گوێ دەکەوێت کە دەڵێن:( هەولێرییە هەروادەبێت، هەولێری بەسێ رۆژ لە نوکتە دەگەن. هەولێری عەشایەرن. هەولێری و راگەیاندنیان نەگووتووە. هەولێری قسە نازانن و ئێستا عەین و حەین لێکناکەنەوە...چەندانی تریش.)

بە خوێندنەوەی بەش بەشی ئەم دە بەرگەی ئینسکلۆپیدیایە، نیشاندەدرێت کە خەڵکی هەولێر لە چ ئاستێکی رۆشنبیری دابوون و تا چەند نەجیب زادە و نوکتە چی و خۆش مەشرەب و نەتەوەیی و نیشتمان پەروەر و خانەدانن.

ئەوانەی کە بەم کارە هەڵسان و لە خەمی ئەو شارە دابوون و گشت لایەنەکانی ئەم هەولێرەیان خستۆتە سەر رووپەری زنجیرە کتێبێکەوە و شەونخونی و ئارەقیان رشتووە، ناوبانگێکیان دەستکەوت کەوا هەریەکەیان شایانی پەیکەرێکن لە کوچە کانی ئەم شارە تاکو زیندوون بەبەرچاوی خۆیانەوە بە مەراسیم پەردە لەسەر پەیکەرەکانیان هەڵبدرێتەوە، چونکە ئەوان بەرژەوەندی و مێژووی نەتەوەیەک و شارێک و پایتەختێکیان خستە ناو کتێب و بە زیندوویی بۆ هەتایە بە پارێزراوی مایەوە، ئەوانە شارێکیان نووسییەوە و بۆ ئەبەد ناساندییان . زیاد ناڵێم ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە و گرنگی ئەم د ە سکە و تە مێژوویە بدوێم، چونکە کلیلی دەرگای گشت لا یە نە کا نی ژیانی ئەم شارەیان دایە خوێنەر و بە خوێندنەوەی هەر لاپەرەیەک خۆشەویستی هەولێر لە لای هەر هەولێرییەکی رەسەن زیاتر دەبێت و پتر تێکەڵی ژیانی هەولێر و رەسەنایەتی دەبێت و گشت لایەنە شاراوەکانی قەڵا و منارە و کوچە و کۆڵانەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت. دەستخۆشی و تەمەن درێژی بۆ ئەم ستافە ماندوو نەناسە و بەهیوای زۆر بوونی نمونەیان و کاری باشتر بۆ باسکردنی هەمووشوێن و لایەنەکانی کوردستان و خەباتی نەپساوەی گەلی کورد و گەیشتنی بە مافە رەواکەی .

شایانی باسە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەسەر ئەرکی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی چاپکراوەو لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانەو لەلایەن لیژنەیەکی باڵای پسپۆرەوە ئامادەکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ لە لوبنان لە چاپخانەی (گرین گالۆری) چاپکراوە بە تیراژی ٢٣٠٠ دانە بە نرخی (١٥٠٠٠٠) دینار لە کتێبخانەکان دەفرۆشرێت و لەساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ کاری تێدا کراوەو هاتۆتە بەرهەم.



مێژوو

# سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ پارێزەری راستەقینەی کەرکووکییەکانە

**کازم عومەر دەباغ**

کەرکووک یەکێکە لەشارە دێرین و زامدارەکانی کوردستان، پێناسەی کوردستانی خۆی پاراستووە ئەگەرچی دوژمنان بەهەر شێوەیەک بۆیان لوابێت، هەوڵی گۆڕینی جیمۆگرافیایەکەیان داوە، چارەسەرکردنی کێشەی کوردو گەڕانەوەی بۆ باوەشی کوردستانی دایک هەمیشە خەمی سەرەکی سەرکردایەتی کورد بووە، بەتایبەتی بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ، لەهەموو شۆڕشە یەک لەدوا یەکەکانی میللەتەکەمان هەر لەسەردەمی (شێخ مەحمودی نەمر) تا دەگاتە دانیشتنەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق لەگەڵ بەرەی کوردستانی و تا ئەم سات و کاتەش سەرجەم گفتوگۆیەکان لەگەڵ رژێمە یەک لەدوا یەکەکان بەئاکام نەگەیشتوون، ئەمەش بەهۆی دەمارگیری عەرەبە شۆڤێنییەکان و سەرسەختی دەسەڵاتدارانی رژێمی عێراق بەهۆی داننەنانیان بە کوردستانیەتی ئەم شارە .

میللەتەکەمان لەم پێناوەدا هەزارەها شەهیدی بەخشیوە بۆ هێنانەدی مافەکانمان و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی خاکی دایکی کوردستان. لە دوای راپەرینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١) سەرکردایەتی کورد بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی رێرەوی خەبات و شۆڕشی چەکداری گۆڕی بۆ خەباتی سیاسی و دبلۆماسی، ئەمەش زیاتر دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و دامەزراندنی ئەنجوومەنی (حوکم) لەسەردەمی حاکمی ئەمریکی (پۆل بریمەر) هەستی پێ دەکرێت، لەم سەردەمە عێراق لەوپەڕی لاوازی دابوو لەڕووی ئیداری و سیاسی لەگەڵ هەموو ئەمانەش بەتوانا و لێهاتووی بەڕێز ئەندازیاری چارەسەرکردنی کێشەکان (مام جەلال تاڵەبانی) توانرا پێگەی عێراق بەهێز بکرێتەوە، بەشێوەیەک بکەوێتەوە سەر پێی خۆی، لەم سەردەمەدا پێشمەرگەی دوێنێ و سەرۆک کۆماری ئەمڕۆ بە لە خۆلێبووردەیی و لێهاتوویی و ئازایەتی توانی زۆر کاری چارەنووسساز بۆخۆی و میللەتەکەی تۆمار بکات، کە بۆتە مایەی شانازی کردن لەلایەن دوژمنان و نەیارەکان، کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیان باس لە بلیمەتی ئەم پیاوە دەکەن، مێژووش هەتا هەتایە بەشانازییەوە بۆ نەوەکانی خۆی دەیگێڕێتەوە لەوانە ئیمزاکردنی رێکەوتننامە ستراتیژییەکەی، کە لەگەڵ بریمەر بۆ گەڕانەوەی سەروەری بوو بۆ عێراق و کوردستان دوابەدوای ئەویش خستنەڕووی بەڵگەنامەی مێژوویی حاشا هەڵنەگری زیاتر لەسەدەیەک بۆ بەردەم ئەنجوومەنی حوکم لە (٢٠٠٤/٢/٩) ئەم بەڵگانە بیرو بۆچونی شۆڤێنییەکانی پوچەڵ کردەوە، کە گومانیان لە کوردستانییەتی شاری گرو گڵپە هەبوو. بەڕێز سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ هەردەم پارێزەرو خەمخۆری شاری بابە گوڕ گوڕبووە، لەم پێناوەشدا هەر کارێکی بۆ کرابێت هەنگاوی بۆ هاوێشتووە بۆ داکۆکی کردن لەم شارە بریندارەی کوردستان، بەشێوەیەکی بەردەوامیش سەردانی کەرکووکی کردووە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازییەکان کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجام داوە بۆ گوێگرتن لەبیرو بۆچوونە جیاوازەکانیان و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ لێک نزیک کردنەوەیان، جگە لەهەموو ئەم کارە چارەنووسسازانەی، کە ئەنجامی داوە بەدەسەڵاتی خۆی، وەک سەرۆک کۆمار ڤیتۆی بەرامبەر ماددەی (٢٣) بەکارهێناو جارێکی دی کەرکووکی لە پیلانی شۆڤێنییەکان رزگارکردەوە ناکرێت سەروەرییەکان و خەمخۆرییەکانی ئەم پێشمەرگە ماندوونەناسە لەبیر بکرێت و چاوی لێ بپۆشرێت، بەشارەزای خۆی توانی کێشەی ئەم شارە بەرەو قۆناغێکی دیکە ببات، بەتایبەتی بەخستنەڕووی بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئینسکلۆپیدیای عوسمانی، کە دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٨٩٨).پێدا گری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وخستنەڕووی بەڵگە باوەڕپێکراوە کان وای کرد مادەی( ٥٨) بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوە کان لە دەستووری کاتی ئە وسا بێتە پێشەوە، دوایی بوو بە مادەی (١٤٠)لە دەستووری هە میشەیی.

کەرکووکییەکان دەبێت دڵنیابن لەخەمخۆری سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان نابێت پڕوپاگەندەی ناحەزان کاریان لێبکات و لەرێڕەوی راستەقینە لایان بدات و دەستخەڕۆیان بکات، چونکە ئە و بە کردا ر دلسۆ زی خۆ ی بۆ کەرکووک و خەڵکەکەی دەرخستووە، بۆیە دەبێت جەماوەری بە ئەمەکی کەرکووک ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات و بە تایبەتی لەم چەند رۆژەی کە دادێت بۆ چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بەو لیستەی، کە خەونی چەندین ساڵەیان دێنێتە دی و شەهیدەکانیش لە ئارامگاکانیان ئارامتر دەکات، ئەمەش خۆی لە دەنگدان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە (٣٧٢) دەبینێتەوە.



مام جەلال و دکتۆر نەجمەددین کەریم

---

# تەتەڵە



**شاسوار هەرشەمی - سوید**

**ئەگەر سیناریۆی سێڤر بەدیبهاتبایە؟**

وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرە، وەکو بەرەنجامی پرسیارێکی بیرکاری نییە تا هەمیشە و بەرێگای جۆراوجۆر هەر تاکە وەڵامێکی هەبێت. پرسی سیاسی بە ناچاری کۆمەڵێک ئەگەری تری لێدەکەوێتەوەو وەڵامەکەشی جۆراوجۆر دەبێت. وەک لە بەندە جۆراو جۆر و خاڵەکانی پەیماننامەی سێڤر دەردەکەوێت و لەو نەخشەیەی تایبەت بە پەیماننامەکەش هێشتا روونتر دیارە، ناوچە کوردنشینەکانی خاکی عوسمانی بۆ حەوت پارچە "ئەگەر هەر سێ پلەکەی ناو سوریا بەیەک پارچە ناوببەین" لەت لەتکراوە، بەڵام تەنیا بەیەک پارچەی بچووک گوتراوە "ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ بەرەگەز کوردەکان". جگە لەو حەوت پارچەیەی کە وەکو بەرەنجامی شەڕ دۆڕانی عوسمانیان و پەیماننامەی سێڤر هاتبووە کایەوە، هێشتاش پارچەی گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەستی ئێران بوو. پارچەیەکی بچووکیش لە خاکی کوردنشین بەناوی "لاچین"ەوە کەوتبووە ناوچەی "ناگۆرنی قەرەباغ" لە نێوان ئازەربێجان و ئەرمەنستان. بەم جۆرە بەسەر گرتنی ئەو سیناریۆیەی کە هاوپەیمانان نەخشەیان بۆ کێشا بوو، ئەوا لە جیاتی چوار پارچەکەی ئەمڕۆی کوردستان، پارچەکانی وڵات دەبوون بە نۆ پارچە. واتا لە دوو پارچەی پێش جەنگەوە دەبوون بە نۆ پارچە. هەندێک لەو پارچانەش وەک مەڕی ئاوەکی گورگان خواردوو دەکراو جارێکی تر مەگەر لە کتێبەکانی مێژوو چیرۆکە خەمبارەکانیانمان بۆ نەوەکانی داهاتوو بخوێندبایەوە.ئەگەر باشترین "ئەگەر"یش لەبەر چاوبگرین، ئەوا پارچەیەکی بچووکی کوردستان "ناوچە بە ئۆتۆنۆمی ناودارکراوەکەی دیاربەکر". لە ناوچەیەکی شاخاوی دابڕاو و چواردەورگیراودا سەربەخۆ دەبوو. ئەگەر ئەمەش بهاتبایە دی، ئەوا خەڵکی ئەو پارچە سەربەخۆیەی کوردستان، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانییان و پەیداکردنی دوو پوول بۆ ماڵ و منداڵیان، دەبا ڕوویان لە وڵاتانی هاوسێ کردباو خەریکی کرێکاری بان.

ئەوەی سەیرەو دەبێ لەسەری بوەستین، دوای تێپەڕینی ٨٦ ساڵ بەسەر پەیماننامەی سێڤر، بارودۆخێکی تاڕادەیەک لەبارو هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان هاتۆتە پێش. دەبینین لە ملاو لەولا ژمارەیەکی دیار لە عەرەبی ناسیۆنالیست و ئیسلامگەرا، داوای هەمان سیناریۆیی سێڤر بۆ کوردستان دەکەن. ئەوان سوێند بەسەری باوک و باپیر و پیاوچاکانییان دەخۆن، کە لە دڵیانەوە دەیانەوێ "هەر ئەمڕۆ باشووری کوردستان لە عێراق جیاببێتەوەو سەربەخۆ بێت، "بەڵام" سنوورەکەی بۆ ئەو کوردستانە دەستنیشانی دەکەن نابێ بستێک لەوە پتر بێت، کە رژێمە رەگەزپەرستەکەی بەعس پێمانی ڕەوابینیبوو. واتا دەوڵەتێکی کوردی بودەڵەو لاوازو دەورگیراو بە رێبەرایەتی خێڵ، تا خەڵکەکەی ناچار بن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانییان ڕوو لە بازاڕەکانی ئەوان بکەنەوە. بەڵام وەکو کرێکاری میوان و رەزاگران و نەوەک وەک هاووڵاتییەک.

وەک دەیبینین پەیماننامەی سێڤر تەنیا باکووری کوردستانی دەکرد بە پێنج پارچەی بەخشراو بە گەلانی ترو ژمارەی پارچەکانی کوردستانیش دەبوون بە نۆ. بەسەر نەگرتنی ئەو نەخشەیە، ئێمە یان نەوەکانی پێش ئێمە، خوێن و قوربانی و تاڵی دەردەسەرییەکی زۆریان بە دەست ناسیۆنالیستە کەمالیستەکانی تورکەوە چەشت، بەڵام گەورەترین دەسکەوتی هەڵوەشانەوەی سێڤر ئەوەبوو، باکووری کوردستانی بەیەک پارچەیی لە ژێر چنگی تەنیا "یەک" داگیرکەردا هێشتەوە. ئەو داگیرکەرەی کە سەرەڕای هەموو درندەیی و حاشا لە کوردکردنیش، بەڵام "تەنیا باڵ" نەیتوانی هیچ بەشێک لە کوردستان هەڵلاوشێ، هەر بۆیە دەڵێم کە سەرنەگرتنی پەیماننامەی سێڤر، سەرکەوتنێکی گەورە بۆ تورک، بەڵام بۆ ئێمەش دەرچوونی ئاسۆیەکی گەشتر بوو لە دەم کەڵ. هیچ بەشێکی وڵاتەکەمان نەدۆڕاند، دوژمنیشمان پتر نەبوون.

**بەرەنجام:**

پەیماننامەی سێڤر لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەنووسراوە. مەبەستی سەرەکی لە پەیماننامەکە سزادانی لایەنی دۆڕاو لە شەڕ "دەوڵەتی عوسمانی" و پاداشتدانەوەی ئەو گەل و خێڵ و هۆزانە بوو، کە لە پاڵ هاوپەیماناندا جەنگین. ئەگەر پەیماننامەکە جێبەجێ بکرابایە ئەوا کێشەی کوردی زۆر ئاڵۆزتر دەکردو زیانێکی گەورەشی بە کوردان دەگەیشت. بەشێکی خاکی کوردستان بەیەکجاری دادەبڕێندراو دەخرایە سەر ئەرمەنستان، بەشێکی دیکەی بۆ تورکیا دەهێڵدرایەوە، بە گومانی زۆر ئاسوودە و کلدانی و سریانیش دەستە گوڵی خۆیان لێدەدا. ئەو بەشە کەمەش کە لە ناو تورکیادا ئۆتۆنۆمی پێدەدرا، چارەنووسی روون و دیار نەبوو. دوارۆژی ئەو ناوچەیە خرابووە سەر کۆمەڵێک "ئەگەر" کە هاوپەیمانان دەیانتوانی ئەگەرەکان وەکو قامچییەک لە دژی تورکیا بڵند بکەن.

پەیماننامەکە هەرگیز زەمینەی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بۆ فەرەنساو هەر بە مردوویی لە دایک بوو. کوردان هاوشانی تورکان و بەیەکەوە چالاکانە هاتنە مەیدان و ئاراستەی ڕووداوەکانییان بە ئاقارێکدا برد، کە ئیتر بەندەکانی پەیماننامەی سێڤر هیچ واتایەکیان نە دەگەیاند.

ئەو کوردانە کە ئەو ڕۆژە شان بەشانی تورکان جەنگان، نە ئاگاداری ناوەڕۆکی پەیماننامەی سێڤر بوون و نە ئاگایان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی بوو. لەوانەیە زۆریان تا دەمی مەرگیش گوێیان بە وشەی "سێڤر" نەزرنگابێتەوە. ئەوان بە هەست و سۆزێکی ئایینییەوە چوونە غەزا. دیارە زۆری نەبرد، کە تورکەکان بۆ هاوسەنگەری کوردەکانی خۆیان دەرخست کە ئەوان ئەو موسوڵمانە نین کە کوردان دوایان کەوتبوون. نەوەکانی ئەو کاتی کوردستان باجێکی قورسی ئەو کارانەی خۆیان داو، لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەش کران. بەڵام بێ ئەوەی پێبزانن، پەیماننامەیەکیان لە گۆڕنا، کە لەوەش خراپتری بۆ نەوەکانی داهاتوویان لە خۆگرتبوو.

ئەوەی لەسەر ئێمە پێویست ئەوەیە، کە ڕووی ڕاستی پەیماننامەکە بخەینە ڕوو. ئەمەش پێویستی بە دووبارە پێداچوونەوەی مێژووی نووسراومانە لەسەر ئەو سەردەمە. کاتی ئەوە هاتووە کە بە چاوێکی واقیعبینانە و دوور لە سۆزەوە سەیری ڕووداوەکان بکەین.

**پەراوێزەکان**

١- دکتۆر کەمال مەزهەر، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. بەغدا ١٩٧٥ لاپەڕە ١٦٩.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣- دکتۆر مارف عومەر گوڵ، پەیوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٢١.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤.

٦- ئۆزدەمیر/ ئەفسەرێکی یان تورکیستی لایەنگری مستەفا کەمال ئەتاتورک و بەرەگەز میسری بوو، ناوی عەلی شەفیق بوو. بەخۆی دەگوت "ئۆت دامر" و کوردان بە ئۆزدەمیر ناویان دەبرد. لە ساڵانی بیستی سەدەی بیست، خۆی و دەستەیەک سەرباز هاتنە ناوچەکانی رواندزو پشدەرو خۆشناوەتی، بۆ هاندانی کوردان لە دژی بەریتانییەکان. لە ساڵانی هەشتا و لەسەردەمی پێشمەرگایەتیم، چەندان پیرە پیاوم دۆزینەوە، کە ئۆزدەمیریان دیتبوو. پیرێکی خەڵکی "خەتێ"چەکداری ئۆزەمیر بوو. ئەو بۆی باس کردم، کە ئۆزدەمیر ماوەیەک بنکەی لە خەتێ دانابوو.

ئەو لەوێ ژنێکیش بە ناوی "زەینەب" خواستووە. ئینگلیزەکان بۆ دەرپەڕاندنی، بەفرۆکە بۆردوومانی دۆڵی بالیسانیان کردووە. تایبەت گوندەکانی بێلاوەو خەتێ و بالیسان. هەروەها جەلال بەگی دەرگەڵە، یادی بەخێر، بۆی گێڕامەوە، کە ئۆزدەمیر لە دەرگەڵە دەبێت و "غەفوور خانی لێوژێ" دێتە لای. غەفورخان چاوێکی کوێر بووەو ئەسپەکەیش یەک چاو بووە، بۆیە ئۆزدەمیر چوارینێکی تورکی بۆگاڵتە پێکردن بۆ هەڵبەستبوو، کە من لە دەمی خوالێخۆشبوو جەلال بەگ نووسیمەوە، بەڵام هەموو ئەمانەو زۆر نووسراوی ترم لە کاتی بۆ ردومانی کیمیاوی دۆڵی بالیسان لە ١٦/ نیسانی ١٩٨٧ز. لەناوچوون.

٧- نەخشەکان "جگە لە نەخشەکەی د. مارف عومەر گوڵ"، لەو سەرچاوەیە وەرگیراون:.

Map illystratiging the partitioning of Anatolia according to the treaty of serres "1920" after .world warl

**بەشی شەشەم**

---

# تەنز

تەمەنم هەر پێنج شەش ساڵێک دەبوو، ئێوارەیەکیان کە وێنەیەکی گەورەی سەردەمی لاوێتی باوکم بەدیوارەوە هەڵواسرابوو، نازانم چۆن ئەو بیرۆکەیەم بەمێشک داهات، چووم قەڵەم و کاغەزێکم هێناو رێک بەرامبەر وێنەکەی باوکم دانیشتم، بە دیقەتەوە کەوتمە تێڕامان لێی، وردە وردە کەوتمە کێشانی وێنەکە. کاتێک باوکم بە هێواشی هاتە ژوورەوەو منی بەو شێوەیە بینی، حەپەسا، ئەملاو ئەولای ڕوومەتی ماچکردم و وتی: "بەڕاستی بەهرەیەکی باشت تێدایە، وا بڕۆی لە پاشەڕۆژدا دەبییە وێنەکێشێکی گەورە".

ئەو ماچەی باوکم و قسە خۆشەکەی هانیدام لەهەر شتێک زیاتر بایەخ بە رەسمکردن بدەم، بۆیە لەو تەمەنە بەجۆرێ خوو و خدەم پێوەگرت، نەمدەزانی بێزاری چییەو نەمدەتوانی وا بە ئاسانی لێی داببڕێم، تەنانەت باوکم رۆژانە لەو برە پارەی دەیدامێ، لەجیاتی بچم شتی پێ بکڕم و بیخۆم، دەچووم بەقەڵەم و کاغەزم دەداو وێنەم دەکێشا.

نەختێک هەراش بووم، خۆمناسی، لە سووچێکی نزیک قەڵاوە کە چەند وێنەیەکی هونەرمەندە مەزنەکانم بە قەڵەم رەساس دروستکردبوون و لەجامم گرتبوون، رۆژانە بە دیواری قەڵام هەڵدەواسین و خۆم بە وێنەکێشانەوە سەرقاڵ دەکرد، ئیدی هەر کەسێک وێنەی کۆن و نوێی بهێنایە، وەکو خۆی بۆیم دروست دەکرد. رۆژێکیان خەریکی گەورەکردنی وێنەی پیاوێکی بە تەمەن بووم، بە نیمچە دەنگێکی ئاساییەوە گۆرانیم دەچڕی، پڕتاو لەسەر هەڵبڕینێکدا تەماشا دەکەم ئەوە سێ گەنج لەتەکمدا وەستاون، یەکسەر گۆرانییەکەم بڕی، کە سێ گەنجەکە لە ناخەوە بۆم خنانەوەو کەوتنە چەپڵە لێدان، بە تالووکەوە وێنەی پیاوە پیرەکەم پێنیشاندان و وتم: "سوپاس بۆ ئەو چەپڵەیە، ئەم وێنەیەم جوان کێشاوە؟".

یەک لەو سێ گەنجە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: "وێنەکەت زۆر جوانە وەکو خۆی دروستت کردووە، بەڵام ئێمە چەپڵەکەمان بۆ ئەو دەنگە خۆشەت لێدا، بەڕاستی دەنگێکی نایابت هەیە، بۆچی نابیتە گۆرانیبێژ؟".

ئەو چەپڵەیەی سێ گەنجەکە و قسەکەی ئەو گەنجە هانیدام لەهەر شتێک زیاتر بایەخ بە گۆرانیوتن بدەم. هەر بەخۆم شیعرێکی جوانم هۆنییەوە، دامە هاوڕێیەکی مۆسیقاژەن، ئاوازێکی خۆشی بۆ دانام، بەکەمێک گۆڕانەوە گۆرانییەکەم کلیپ کردو دوای بڵاوبوونەوەی بە ماوەیەکی زۆرکەم کلیپەکە سەدایەکی گەورەی دایەوە، ئیدی هەرچی رۆژنامەو مانگنامەو گۆڤار هەبوو کەوتنە پێشبڕکێ لەسەر ئەوەی کامەیان زووتر چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکات، تا گەیشتە ئەوەی تەلەفزیۆن و کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان بکەونەخۆ، ئەوانیش دیمانەم لەگەڵ گرێدەن. شەوێکیان لە بەرنامەیەکی راستەوخۆدا کچێک بە تەلەفۆن وەکو دواپەیوەندی بە دەنگە نەرم و ناسکەکەیەوە سەرەتا لەسەر ئەو گۆرانییەی کلیپم کردبوو، تەواو بەشان و باڵی هەڵدام، ئەوجا وتی: "تۆ شەکرت لێ دەبارێ، حەرەکەت جوانەو لە هەیکەلیشدا بەژن و باڵایەکی رێکت هەیەو قسە خۆشی ئەگەر دەرهێنەرێکی سینەمایی رووی لێنای، تا وەک ئەکتەرێک رۆڵ بگێڕی، ئایا بەو داوایە رازی دەبی؟". هەر ئەوەندەم خۆشبوو وتم: "ئەی بۆ نا؟ ئەگەر رووم لێنێن بەدڵنیاییەوە دەیکەم". دوای تەواو بوون و گەڕانەوەم بۆ ماڵ و کردنەوەی مۆبایلەکەم ئەو شەوە چەند دەرهێنەرێک پەیوەندیان پێوەکردم، هەر یەکەیان بەرامبەر بە برە پارەیەک داوایان لێکردم کاریان لەگەڵ بکەم، منیش داوای ئەو دەرهێنەرەم قەبوڵکرد، کە لە وانی تر پارەی زیاتر پێشنیاز کرد، رووەکردە سینەماو ئەو فیلمە تێدا بەشداریم کرد رۆڵی دزێکی ناقۆڵام بینی بەپێی دەقەکە، هەر بەناوی خۆمەوە ناوم بە عومەرە دز رۆیی.

فیلمەکە نمایشکراو سەدایەکی باشی دایەوە، بەو فیلمە ناوبانگم دەرکرد، بەمە دەچوومە هەر شوێنێک، بە هەڵپەیەکەوە دەستیان بۆ درێژ دەکردم: "ئەوەتە. ئەوەتانێ ئەوە عومەرە دزە". ئەو ناو و ناتۆرەیە بەدوای ئەو فیلمەوە لە ناخەوە تووشی نیگەرانییەکی زۆری کردم، تا لەو دڵتەنگییە قووتارمبێ، ماڵم لەو شارە بۆ شارێکی دیکە گواستەوە، ئەفسووس لەوێش ئەوەی دەبووە برادەرم و کە گوێی لەیەکێک بوایە بیوتبا: "ئەوە عومەرە دزە". وشەی دز بەس بوو تا ئەو کەسە لەو جارە بترازێ چیتر هاوڕێیەتی نەدەکردم. چوومە دادگا، ناوی خۆم بگۆڕم، دوای بینەو بەردەیەکی زۆر، ناوم گۆڕی هەر هێندە لەقەبی دزەکەم لەسەر لاچێ و خەڵکی بەو ناوە بانگم نەکەن، کەچی ئێستاو ئێستا، دوای تەمەنێک کە سەرو ردێنم تەواو سپی بووە، پشتم چەماوەتەوە، کەچی هێشتا دەچمە زۆر شوێن و جێگاو یەکێک بمناسێتەوە، بەدەست ئیشارەتم بۆ دەکاو دەڵێ: "ئەوە عومەرە دزە".

ئەم وشەیە، وشەی "دز" هێندە قێزەونە، بە چاوێکی سووکەوە سەیرم دەکاو واتێدەگا من بەڕاستی دزم.



**شاخەوان عەلی حەمەد**

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٦ - ١٣٦ - پێنج شەممە ٢٠١٠/٣/٤ی زایینی

# کەژاڵ ئادەمی لە شیعرەوە بۆ وڵاتی عەشقی هونەرو گۆرانی

## پرۆفیشناڵ



مەسعودی مەلا هەمزە

### هونەرمەندو هەڵبژاردن

هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی گرنگی ناو کۆمەڵگا دیموکراتییەکان پەیڕەو دەکرێ و خەڵکی بە ئازادی و قەناعەتی خۆیان بڕیار دەدەن لەسەر هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان، دوای ڕاپەرینی بەهاری ٩١ و ئازادکردنی سەرتاسەری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو پرۆسە گرنگە بەڕێوەدەچێ، دیارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵکی زیاتر وشیاردەبنەوە لەوەی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی شیاون بۆ ئەو پۆستە گرنگ و پڕ بایەخە.

ئەوەی دەمەوێ لێرە باسی بکەم بەشداری و کاریگەری هونەرمەندانە لەو پرۆسە گرنگە، دیارە لە هەڵبژاردنەکاندا هونەرمەندان کاریگەری خۆیان هەبووە، بەجۆرێک بەشێک لە هونەرمەندان بە گۆرانی و بەرهەمی هونەری داوایان لەخەڵک کردووە بەشداری لەو پرۆسە گرنگە بکەن و نەهێڵن مافیان بخورێ، بەڵکو بەدڵ و قەناعەتی خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن.

خاڵێکی دیکە هەیە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕای جیاوازی لەسەرە، ئەویش گوتنی گۆرانی و ئەنجامدانی کاری هونەرییە بۆ پاڵپشتی کردن لە لیستێکی دیاریکراو، دیارە ئەو جۆر کارە دوو ڕای جیاوازی لەسەرە، ئەویش یەکەمیان ئەوەیە کە خەڵکانێک هەن دەڵێن گوناهە هونەرمەند گۆرانی بۆ لایەنێک بڵێ یاخود هونەرەکەی بکاتە موڵکی لایەنێکی تایبەت، لەبەرئەوەی هونەرمەند موڵکی میللەتە، بۆیە پێویست ناکا ئەو هونەرمەندە خۆی بچووک بکاتەوە و گۆرانی بۆ لایەنێکی جیاواز بڵێ و دۆست و لایەنگرانی لایەنەکانی دیکە لەخۆی بڕەنجێنێ.

ڕای دووەمیش ئەوەیە کە ئاساییە هونەرمەند گۆرانی بۆ لایەنێک بڵێ و پاڵپشتی خۆی بۆ دەربڕێ، بەو مەرجەی ئەو کارەش غەدر کردن نەبێ لە خودی هونەر، لەبەرئەوەی بینیومانە و بیستومانە کە بەداخەوە بەشێک لە هونەرمەندانی کورد کاتی خۆی گۆرانیان بۆ سەدام و قادسیە گوتووە، کە ئەوە زوڵمە لە گۆرانی.

جگە لە تۆمار و بڵاوکردنەوەی بەرهەم ئێستا دەبینین لە ڕاگەیاندنەکان بایەخ بەوە دەدەن کە هونەرمەند دەنگ بە چ لیستێک دەدا، بە بڕوای من ئەوە کارێکی تەندروستەو ئاساییە هونەرمەند ڕایبگەیەنێ کە دەنگ بەکێ دەدا، دیارە ئەوەش لە بەرژەوەندی ئەو لیستەیە کە هونەرمەندەکە ڕایدەگەیەنێ کەوا دەنگی پێ دەدا، بەڵام هیوادارم دیسان هونەرمەندان لەوەشدا ویژدانیان بکەنە حاکم و بێ ویژدانانە بڕیار نەدەن لەوەی خۆیان خەڵک دەنگ بە لیستێک بدەن کە هیچ خزمەتی نەکردووە و مومکینیش نییە خزمەت بکەن.

---

**کەژاڵ ئادەمی یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژانەی لەو ماوەیەی دواییدا بەشێوەیەکی چالاک هاتە ناو بواری هونەری و بە چەند بەرهەمێک خۆی خستە ناو دڵی هەوادارن و گوێگرانی خۆی، وەک خۆی دەڵێ لە ساڵی "١٩٨٨"ەوە کوردستانی جێهێشتووە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سویدە، دەربارەی تەمەنی منداڵی و بەرهەمەکانی دواندمان...**

**ئا: هونەری بەدرخان**



کەژاڵ ئادەمی

*** تەمەنی منداڵیت چۆن و لە کوێ بەسەر برد؟**

- من لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم و تەمەنی منداڵیم تا ١٥ ساڵان لەو شارەدا بەسەر برد.

*** لە منداڵیدا کەسێکی هێمن و لەسەرەخۆ یان هار و هاج بوویت، قەت بیرت دێ شەڕت کردبێ؟**

- تەمەنی منداڵیم ساڵانێک بوو سارێژ لە تەنیایی و ئەو جۆرەی بۆم ئەگێڕنەوە منداڵێکی زۆر بێدەنگ و هێمن بووم. بیرم دێت لە سەردەمی منداڵیمدا یەک دو جارێک شەڕم کردووە لەگەڵ هاوڕێکانم، بەڵام منداڵ بووین و دڵەکانمان وەک ئاوێنە پاک بوو و پاش کاتژمێرێک ئاشت دەبووینەوە.

*** لە هەرزەکاریدا وەکو کچێک یەکەم کوڕ کێ بوو کە سەرنجی ڕاکێشای، یان قەت داوات لێکراوە و ڕەفزت دابێتە کوڕان؟**

- منیش وەکو هەمو مرۆڤێکی ئەم دنیا ئەو چرکەساتانەم بووە، کە دڵم لە پەنا دیوارەکانی خۆشەویستیدا لەرزیوە. ڕووی داوە ڕەفزم دابێت و هۆکەیشی ئەوە بووە پێکەوە نەگونجاوین، بەڵام هەمیشە خۆشەویستی و هەستی پاک لای من بەڕێز بووە.

*** شیعر یا هونەر بە واقیعی ژیانی خۆت دەزانی و زۆر لێیەوە نزیکی؟**

- کاتێ دڵ قسەی زۆر پێبێت بە هەمو شێوازێک ئەیەوێت بیدرکێنێ و بەیانی بکات. تەمەنی منداڵی من ڕۆژانێک بوو سارێژ لە تەنیایی. لە دنیای پاکی منداڵی خۆمدا کۆشکێکم دروست کردبوو پڕ لە شیعر و گۆرانی. تا بە ئەمڕۆ ئەم هەستە لەگەڵمە و دڵەکەم هەردەم تامەزرۆی فڕین بەرەو ئاسمانێکی ڕووناکترە. هونەر و بە تایبەت شیعر نووسین وەک هەناسەکێشانی لێهاتووە بۆم و نوێنەری واقیعەکانی ژیانی خۆم و هەستەکانمە.

*** کچانی گۆرانیبێژ قسەی زۆریان لەسەرە و هەندێکجار ئیستیغلال دەکرێن، قسەت لەسەر ئەو باسە چییە و هیچ جار هەوڵ دراوە ئیستیغلالت بکەن؟**

- لە چاوپێکەوتنێکدا کە ماوەیێک لەمەوپێش بووم ئەم پرسیارەم لێکرا و وەڵامەکەم بووە هۆی دڵگرانی هەندێک. لێرەدا من بە شێوازێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە. هیوادارم کەس بە هەڵە لێم تێنەگات.

من لەسەر ئەو بڕوایەم ئافرەت ئەگەر خۆی کەسایەتی بەهێز بێت هیچ کەس ناتوانێت ئیستیغلالی بکات. بەڵام ئەگەر بۆ دەرکەوتن و پێش بردنی کارەکانی سەر بۆ داخواستە هەڵەکان دابنەوێنێت بە ئاسانی ئیستیغلال دەکرێت و دڵنیام ئەو جۆرە بەرەوپێشچوونانە نەتەنیا بەردەوام نابێ، بەڵکو ڕوخێنەرە بۆ کەسایەتی هونەرمەند خۆی و سووکایەتی کردنە بە مانای ژن و بێ حورمەتی کردنە بە هونەرە و هەروەها خەیانەت کردنە بەو ئافرەتانەی، کە دەیانەوێ لە داهاتوودا هەنگاو بنێنە ناو دنیای هونەرەوە. بە خۆشحاڵییەوە تا بە ئەمڕۆ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵیان ئیشی هونەریم کردووە کەسانێکی دڵسۆز و بەڕێز بوون هەرگیز بێ حورمەتیان پێنەکردووم.

*** جیا لە گۆرانیگوتن شیعریش دەنووسی، بۆ؟**

- نووسینی شیعر یەکەم هەنگاوم بوو بۆ نێو دنیای هونەر. لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و نووسینی کوردیان لە مەکتەب لێ قەدەغە کردبووین، من بە مەبەستی فێر بوونی خوێندن و نووسینی زبانی دایکی خۆم دەستم کرد بە خوێندنەوەی دیوانی شیعری مامۆستا قانع. شیعرەکانی قانع پەنجەرەیێکی ڕوو بە دنیای شیعری بۆم کردەوە و هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە قەڵەمی شیعر نووسینم گرتە دەست. شیعر نزیکترین هاوڕێمە و هەموو سکاڵاییکی لا هەڵدەڕێژم. هەردەم تێدەکۆشم لە هۆنراوەکانمدا باس لەو هەلومەرجانەی بکەم وا لە کۆمەڵگاکەمدا دێتە بەرچاوم. هۆنراوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە وەک ژنێک دەنووسم و هەستی ژنانەی خۆمە، کە دەسەڵاتی هەیە بە سەر هۆنراوەکانمدا. تێدەکۆشم شیعر و گۆرانییەکانم زایەڵەی ئاوات و ئەوین و ئازاری ژنی کۆمەڵگاکەم بێت.

*** لە کلیپەکانتدا لە جلی کوردی دەردەکەوی، لە کاتێکدا بەشێک لە کچە گۆرانیبێژەکان لە کلیپەکانیاندا بەدوای نمایشکردنی جەستەوە دەگەڕێن، بۆچی تۆ بیرت لە شتێکی وا نەکردۆتەوە؟**

- من کوردم، گۆرانیبێژێکم بە زبانی کوردی گۆرانی دەچڕم و پێم خۆشە ڕوخساریشم نوێنەری کیژێکی کورد بێت.

*** هەندێک لە گۆرانیبێژان پێیانوایە پێویستە کار لە ستایلە جیاجیاکانی هونەر بکرێ، بەشێکیش لە هونەرمەندان پێیانوایە ئەو ستایلانە بەسەرچوونەو هونەرمەندان دێن ئەو ئاوازە کۆنانە بە کورد دەفرۆشنەوە، کە لە وڵاتانی دنیادا باویان نەماوە، تۆ قسەت چییە لەسەر ئەو بابەتە؟**

- هەر هونەرێک دەست پەروەردەی سەردەمی خۆیەتی و هەلومەرجەکانی کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر هونەر و ئەدەبیاتی کۆمەڵگا هەیە. ئاڵ و گۆڕ لە هونەردا دیاردەیێکە کە دەستی زەمەن بە سەریدا زاڵە. نەوەی لاوی ئەم سەردەمەن، کە خولقێنەری دوارۆژی هونەری نەتەوەکەمانن. هیوادارم هەموو لاوە ئازیزەکانی ئێمە بە دڵسۆزییەوە ئاگایان لە هونەری میللی و نەتەوەیی خۆیان بێت. من نوێکاریم پێ باشە، بەڵام نەک نوێکارییە ڕوخێنەرەکان. ئاڵ و گۆڕ و نوێکاری دەبێ لە سەر بنەمای مۆسیقای نەتەوەکەی خۆمان بێت و زانیاری و هۆشیاری بکەینە هەوێنی ئەم ئاڵ و گۆڕانە و هەرگیز لەبیری نەکەین لاسایی کردنەوەی ڕاستەوخۆ بە مانای نوێکاری نییە. من لە سەر ئەو بڕوایەم هونەرمەندانی کورد لە ژن و لە پیاو دەبێ هەوڵ بدەین پێناسەیێکی ڕوونمان بۆ مۆسیقای نەتەوەی خۆمان ببێت و بە پشتیوانی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە بۆ بەرەوپێش بردنی مۆسیقاو گەیاندنی بە ئاستی جیهانی تێبکۆشین.

*** ئەو گۆرانییەی کە زۆر پێی ناسرای و دەرکەوتی بەرهەمە دوێتەکەت بوو لەگەڵ نەجمەدین غولامی، بیرۆکەی ئەو بەرهەمە چۆن دروست بوو، لە داهاتوودا بەنیازنیت کاری لەو جۆرە لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە ئەنجام بدەی؟**

- من لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا چاوم بە ڕووی دنیا هەڵێنا. بە هۆی ژیانی پێشمەرگایەتی دایک و باوکمەوە هەر لە تەمەنی ٢ مانگانەوە لە باوشی دایک هەڵچڕام و دوور لەوان ژیانم بەسەر برد و پاش ١٤ ساڵ دەوری بۆ یەکەمین جار باوکمم دیەوە.

هۆنراوەی ئەم گۆرانییە، کە لەگەڵ هونەرمەندی ئازیز نەجمەدین غولامی خوێندوومە شیعری خۆمە و بۆ باوکم نووسیبوو، کە پاش چواردە ساڵ دووری بە دیداری شاد بوومەوە. مەبەستمان لەم گۆرانییە پیشاندانی ئەو عەشق خۆشەویستییەیە، کە لە نێوان باوک و کچدا هەیە. ئەم گۆرانییە پێشکەش دەکەم بە هەموو باوکانی وڵاتەکەم، کە دڵسۆزانە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا پشتیوانی ڕۆڵەکانیانن. هیوادارم لە داهاتوویشدا بتوانم لە بەرهەمەکانمدا لەگەڵ هونەرمەندانی تر هاوکار و هاودەنگ بم.

*** لە ئێستای تەمەنتدا خۆشەویستی پیاو و ژیانی هاوسەری چەندە بە گرنگ دەزانی بۆ خۆت؟**

- لە ڕاستیدا زۆربەی ساتەکانم تەرخانی هونەرەکەم کردووە و تیشکم خستووەتە سەر گەیشتن بە ئامانجەکانم لەم بوارەدا. لەم قۆناخەی ئێستای ژیانمدا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری گرنگییێکی زۆری نییە بۆم.

*** دەکرێ بزانین لە خوێندندا کەژاڵ ئادەمی گەیشتۆتە کوێ و چی تەواو کردووە؟**

لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کۆمەڵناسیم خوێندووە و هەروەها لە بواری مێژوی مۆسیقا، پەیوەندی مۆسیقا لەگەڵ سیاسەت و کاریگەری ئەم دوانە لە سەر یەکتردا لە زانکۆ خوێندووە.

*** ئەوە ڕۆژهەڵاتییەکان کاریگەری هونەری فارسیان بەسەرەوەیە، یان فارسەکان سوودیان لە هونەری کوردی وەرگرتووە و دزیویانە؟**

- هەر نەتەوەیێک خاوەنی مۆسیقا و کلتووری تایبەت بە خۆیەتی. مۆسیقای کوردی و فارسی و زەردوشتی زۆر لەیەک نزیکن. ئێمە ئەگەر چاو لە ئێران بکەین، دەبینین کوردەکان هەمیشە لە ڕیزی باشترین ژەنیار و موزیسییەکانی ئێراندا بوون، بە دڵنیاییەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مۆسیقای کوردیان هێناوەتە ناو مۆسیقای فارسی و هەروەها هەندێک لە شتە باشەکانی مۆسیقای فارسەکانیان تێکەڵی مۆسیقای کوردی کردووە، بەڵام حاشا لەوەیش ناتوانین بکەین کە کاریگەری مۆسیقا فارس وەک دەسەڵاتێکی زاڵ لهو وڵاتەدا زۆرتر بووە بە سەر مۆسیقای کوردییەوە. ئێمە ئەگەر چاو لە دەزگا و مەقامەکانی ئەم دوو مۆسیقایە بکەین دەبینین کە زۆر شتیان لە بنەڕەتدا یەکێکە، بەڵام شێوازی بەیان و دەربڕینیەکانیان جیاوازە. من ئەو ئیزنە بە خۆم نادەم بڵێم فارس مۆسیقای کوردی دزیوە یان بە عەکسەوە. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کاریگەریان لەسەر یەکتر بووە.

*** بەرهەم و دەنگی کامە هونەرمەندە کەژاڵ ئادەمی خۆی بە قوتابی قوتابخانەکەی دەزانێ؟**

- زۆرن ئەو دەنگانەی هەستم دەبزوێنن، بەڵام دەنگە زوڵاڵ و نەمرەکەی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هەردەم جێگای تایبەتی خۆی هەیە لە دڵمدا.

*** لە باشووری کوردستاندا کەوتیتە بەر ڕێژنەی وتاری مەلاکان لەسەر ئەو قسەیەی کە گوتبووت "ئەگەر مرۆڤ خاوەنی خۆی بێ، خوداش ناتوانێ ئیستیغلالی بکا، ئەو هێرشکردنەی مەلاکان بۆ سەر خۆت چۆن دەبینی و لەبارەیەوە چی دەڵێی؟**

- هەموو شتێک لەوەوە دەستی پێکرد، کە برادەرێکی ئازیزی ڕۆژنامەوان پرسیارێکی ئاراستەی من کرد سەبارەت بە ئیستیغلال کردنی ئافرەتە هونەرمەندەکان. منیش لە وەڵامدا وتم گەر ئافرەت کەسایەتی لە ئاستێکی بەرزدا بێت هیچ هێزێک ناتوانێت ئیستیغلالی بکات. مەبەستم لە وشەی *خودا* ئەو هێزە بوو و وەک نماد و سەمبوڵی ئەو هێزە بەکارم هێنابوو نەک نەعوزوبیللا یەزدان و ئەڵلا.

بەو یەزدانەی کە هەموومان بڕوامان پێیەتی قەسەم، من خۆم لە ژیانمدا ئەم جوملەم سەدان جار لە سەدان کەس بیستووە، هەر بۆیە زۆر زۆرم لا سەیر بوو کاتێک بیستمەوە بەو شێوە کەوتوومەتە بەر هێرش و لۆمەی مەلاکان.

بەداخەوە هەندێک جار مرۆڤەکان بە هەڵە لە یەکتر دەگەن. خودا بۆ خۆی دەزانێت مەبەستی من چی بووە جا من داوا لە بەندەکانی خودایش دەکەم ڕەزایەت بدەن و بە هەڵە لێم تێنەگەن. ئێمە نابێت پشت ببەستین بە *وشە* بەڵکو دەبێت بزانین بەرانبەرەکەمان مەبەستی چییە. من لە هەموو ئەوانەی بە هەڵە لێم تێگەیشتون داوای لێبوردن دەکەم. ڕێزم بۆ هەموو دین و ئایینەکان هەیە و دڵنیاتان دەکەمەوە هەرگیز مەبەستم سووکایەتی کردن بە هیچ دین و ئایینێک نەبووە و نییە.

*** ئەی خۆت لەگەڵ دینداری و خواپەرستی چۆنی؟**

- من لە بنەماڵەیێکی موسڵماندا گەورە بووم و ئایین و بڕوام لە ئایین و بڕواکانی نەتەوەکەم جودا نییە.

*** وڵاتی عەشق بۆ؟**

-هەمو بەرهەمەکانی ئاڵبۆمی (وڵاتی عەشق) باس لە پیرۆزی عەشق و خۆشەویستی دەکات و بانگەوازێکە بۆ خوڵقاندنی دنیاییێکی ڕووناکتر و لە سەر بنەمای عەشق. ئەم ناوەمان بە پێشنیازی هونەرمەند نەجمەدینی غولامی هەڵبژارد، کە لە یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم بەرهەمەدا دەنگی زوڵاڵی خۆی خستوەتە پاڵ دەنگم و پێکەوە خوێندوومانە.

*** لە ئێستادا لەبەر نەبوونی یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان، هونەرمەندان خەریکی کاری سینگڵن. تۆ چۆن بوو ئاڵبۆمت بەرهەم هێنا؟**

- پێکهێنانی ئەڵبۆمێکی گۆرانی بە بێ هیچ پشتیوانێکی ماددی کارێکی زۆر دژوارە. بەرهەم هێنانی ئەم ئاڵبۆمە سێ ساڵی خایاند و لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانم لە پڕش و بڵاو بوون بپارێزم بڕیارم دا لە ئاڵبۆمێکدا کۆیان بکەمەوە و دیارییێکی شیاوم پێبێت بۆ هاووڵاتیان و هونەردۆستان.

*** وەکو ئاواز لە بەرهەمەکانت سوودت لە ئاوازی کێ وەرگرتووە؟**

- مامۆستا عەلی شەکوری ئاوازدانەری بەرهەمەکانی منە. بەڕێز عەلی شەکوری نەتەنیا ئاوازدانەر، بەڵکو ساڵانێکی زۆرە مامۆستامە و لە مەکتەبی بەڕێزیاندا دەنگم پەروەردە کردووە.

*** چەندە لەگەڵ زیندووکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی و خۆت چەندە هەوڵت بۆی داوە؟**

- بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ناسنامەی نەتەوەکەمانن و زبانێکن بۆ گێڕانەوەی مێژوو و بەسەرهاتەکانی نەتەوەکەمان. ڕێز لێنان و پاراستنی ئەم ناسنامە ئەرکی هەر مرۆڤێکی کوردپەروەرە. منیش وەک دڵۆپێکی بچووک لە زەریای هونەری نەتەوەکەماندا هەردەم هەوڵم داوە، کە خۆم لە ڕەسەنایەتییەکان دوور نەخەمەوە. پرۆژەیێکم بەدەستەوەیە سەبارەت بەم پرسیارەی ئێوە، کە لە داهاتوودا زانیاری زۆرتر لەم بارەوە دەدەمە خزمەتتان.



کەژاڵ ئادەمی لە تافی منداڵیدا

## ئەیاد حوسێن:

# لە هەولێر ئیشی هونەریی زۆر جوان کراوە

**هونەرمەنـدی دیـاری بـواری گۆرانـی کـوردی و نیشـتەجێی وڵاتی سوید ئەیاد حوسێن لە دیدارێکی بەدرخاندا بـاس لـە کێشـەو گرفتەکانی هونەری کوردی بەگشـتی دەکا، هەروەک چۆن باس لە بەشێک لە یادەوەرییەکانی تەمەنی منداڵی خـۆی دەکا، ئـەو لەدایکبووی هەولێرەو جیا لە هونەرمەندانی دیکە وێڕای ئەوەی لە سەرەتای ساڵانی هەشـتا گۆرانی گوتووە وەلێ لـەدوای سـاڵی ٢٠٠١ لە سـوید یەکـەم ئەلبوومی خۆی بڵاوکردۆتەوە...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** بەشـی زۆری ئەوانـەی لـە هەولێـر دەرکەوتوون یا هی تەیراوە یا کورانن؟**

- ئەوکات هەولێر وەکو ئەمڕۆ نەبوو گەڕەکـی زۆربێ، چەنـد گەڕەکێک هەبـوو، هەرچەنـدە ئەوەنـدە بـە تەمەنیشم نیم، بەڵام ئیتر بە سودفە لـە تەیـراوە بووینـە، بـە حوکمی ئەوەی تەیراوە تۆزێک لەناو یەکترەو قەرەباڵغیەکی یەکجار زۆر هەبوو و خەڵکانێکی زۆر یەکترمان دەناسی، کاتی خۆشـی لە تەیراوەدا لە بۆنەو یـادەکان و ڕەمەزانـدا دانیشـتن لە گازینۆ کوردو عەرەب هەبوو، یانی بەهـۆی هەندێک شـت خەڵک زیاتر حەزی لە گۆرانی و شت کردبێ.

*** بەشـی زۆری ئەو گەنجانەی ئێسـتا بە نوێکردنەوەی بەرهەمی کۆن دەستپێدەکەن، قسەت؟**

- ئـەوە بـە کارێکـی زۆر ئاسـایی دەبینم، بەو مەرجەی گۆرانیەکە تێک نەدا، ئەگەر خاوەنی ئەو گۆرانیەش مابێ روخسـەتێکی لـێ وەربگرن، یانیـش روخسـەت لـە بنەماڵـەی گۆرانیبێژەکـە وەربگیـرێ، کە ئایا ڕێگا دەدەن گۆرانییەکە بگوترێتەوە یان نا، وەکو ڕێزگرتنێک، ئەگەریش توانی ئیشەکە جوانتر و ڕێکوپێکتر بـکا با هەبێ، بـەڵام ئەگەر خەراپی بکا نەیڵێ باشـترە، دیارە نەک هەر ئێمـە لـە نـاو تـورک و عەرەبیش ئـەوە هەیـە کـە گۆرانییـەک ٥-٦ گۆرانیبێـژ دەیڵێنـەوە، ئـەوە زۆر ئاساییەو هەرکەس بە ستایلی خۆی دەیڵێتەوەو دوای ئەوەش جەماوەر بڕیـار دەدا ئەو گۆرانییە خۆشـەو ڕەواجی هەیە یان نا.

*** جیـاوازی پێگـەو پایـەی هونەرمەند لەنێوان کوردستان و سوید چۆن دەبینی؟**

- موقارەنەی کوردسـتان و سـوید ناکرێ، لەبەرئەوەی سـوید وڵاتێکە سیسـتەمەکەیان ئەوەندە بەجوانی دارشتووە هونەرمەند هیچ پێویستی بـەوە نییە کە هاوکاری بکرێن یانی هونەرمەنـد هونەرمەنـدەو قـەدرو پایـەی گەلێک زۆرە، لێـرەش قەدر و پایـەی هەیـە، بەڵام لەگـەڵ ئێرە بەراورد ناکرێ.

*** هونەرمەنـدان و بـێ هەڵوێسـتی لـە بەرامبەر نەبوونی یاسـای پاراستنی مافی هونەرمەندان؟**

- دیارە هونەرمەندان هەوڵیان داوە، بەشبەحاڵی خۆم زۆر هەوڵمداوە بۆ ئەو مەسەلەیە کە مافی هونەرمەندان بپارێـزرێ، بـەڵام بەداخـەوە جـاری واهەیـە تاک تـاک مەوقیف وەردەگری، بـۆ نموونە ئەوە چەند سـاڵێکە من سـیدیم نەکـردووە و بەرهەمم نییە بەگوێرەی پێویسـت، ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نە ماف دەپارێزرێ نەهیچ، هاندانێک نییە بۆ ئەوەی بەردەوامی بەکارەکانـت بـدەی، هونەرمەندان تاکە تاکە هەڵوێستمان وەرگرتووە، بەڵام دەبێ ئێمە بەیەکەوە هەڵوێست وەرگریـن و ئـەو ئیشـە نەکەیـن، بـەڵام وابزانـم هونەرمەندانیـش چ لەکوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات تەخسیریان نەکردووە، ئەو پێشنیازە لەمێژە کراوە گوتراوە و نووسراوە و پێشکەشیش کراوە، زۆربەداخەوە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووین.

*** لەبەرامبـەردا هونەرمەندانێـک هـەن بودجـە چاوەڕوانـی بەرهەمیـان دەكات، نـەوەک وەکـو زۆربـەی هونەرمەنـدان چاوەڕوانی بودجە بکەن؟**

- بەداخـەوە ئیشـەکان زۆر زۆر بەسـەقەتی دەڕوا، هەندێـک کەس هاوکاری دەکرێن هیچ شایانی ئەوە نینـە هاوکاریـش بکرێـن، هەندێک کەسـیش هەقیـان دەخـورێ و هاوکاریش ناکرێن کە شایانی ئەوەن هـاوکاری بکـرێ، یانی ئیشـەکان بەپێچەوانـەوە دەڕوا بەڕێـوە، دەبـێ وەزارەتـی ڕۆشـنبیریش پێداچوونەوەیەکـی یەکجار زۆر بکا لەئیش و کارەکان، چونکـە بەڕای من ئیشـەکان بەشـێوەی پێویست نەڕۆیشتووە.

*** کێشـەی سـتۆدیۆ و چوونـە دەرەوەی هونەرمەندانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- هەرکەسـەو قەناعەتێکـی هەیـە، دیارە ئەوان قەناعەتیان بە ستۆدیۆی ئێرە نییە، من لەنزیکەوە ستۆدیۆکانی ئێرەم نەبینیوە کە چۆنەو چۆن نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم لەکوردستان ئیش کراوە، بەتایبەتی لەهەولێر ئیشی زۆر جوانیـش کراوە، کەواتا سـتۆدیۆی باشیش هەیەو کەسانێکیش هەن لە ستۆدیۆ دەزانن، ئەوجا ئایا مەجالیان چەنـدەو چۆنەو ژەنیارەکان چەندن و چۆنن و ئایا بۆ چاپکردنی سیدی هەردەبـێ بگەڕێتـەوە تورکیـا یان وڵاتێکـی تـر، لەبەرئـەوەی ئێمـە کۆمپانیایەکی وامـان نییە کەبتوانێ سیدی چاپ بکا.

*** بـەڵام پێتوانیە ئەگەر ئـەو بەرهەمە بەژەنیار و دابەشـکاری غەیرە کورد بکرێ مۆرکی غەیرە کوردی وەردەگرێ؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەو کەسەی کە کاری دابەشکردن دەکا ئەگەر عەرەب بێ یـان تورک بێ، ئـەوا تامی عەرەبی و تورکی بەخۆوە دەبینێ، پێمباشـە دابەشـکاری میوزیـک کوردبێ بۆ ئەوەی ئەو تام و چێژەی هەر بمێنێ، بۆنموونە زۆرجار بەرهەمەکانی خۆم لەسوید کە برادەران دابەشی دەکەن کوردن یان ئەگـەر کوردیش نەبن، برادەرێکـی فـارس دابەشـی دەکا، لەگەڵ ئەوەشـدا پێـی دەڵێین چۆن بێ و چۆن نەبێ بۆ ئەوەی تامەکەی نەبیتـە فارسـی، زۆریـش باسـی عەرەبـی و تورکـی دەکرێـن بەڵام بۆمن فارسـیش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تورک و عەرەب.

*** فرۆشـتنەوەی ئـاوازی کۆنـی سـاڵانی حەفتـا بەناوی سـتایلی نوێی هونەری بە بینەرو گوێگری کورد لەلایەن هەندێک لە گۆرانیبێژان چۆن دەبینی؟**

- مـن بـە تەعریبکردنـی گۆرانـی بەباشی نابینم، لەوەشدا من کەسێکم و ناتوانـم بڕیـار بـدەم، ئـەوە بـا جەماوەر بڕیاربدا چەند پێشـوازی لەو کارانە دەکرێ یان ناکرێ، چونکە ئەگەر باسـی دیموکراتیـەت بکەی هەرکەسـێک دەتوانـێ بەعەرەبـی، تورکـی، فارسـی گۆرانی بڵێ، نەک بەمۆرکی تورکی و عەرەبی، ئەگەر تێکسـتەکەش عەرەبی یان فارسی یان تورکی.

*** بەڵام لەسەر حیسـابی هونەری کوردی پێتوایـە ئەوکارانـە خزمـەت بەهونەری کوردی بکا؟**

- زۆرجـار کـە دەبینـم تێکسـتەکە بەکوردییە، بەبـڕوای من ئەوە هەر لەسـەر کـوردی حیسـابە، ئەوجا ئایـا مۆرکـی عەرەبی یـان تورکی پێوەیە ئەوە شـتێکی دیکەیە، بەڵام کـە بەکـوردی گۆرانیـت گـوت و شـیعرەکەت کوردی بوو هەردەڵێن ئەو گۆرانییە کوردییە.

*** بڕیـاری گەڕانـەوەی یەکجارەکیـت بۆ کوردستان؟**

- نەک هەر لە سوید ڕێزو حورمەتم دەگـرن، دیـارە لە کوردسـتانیش ئەو شـتە هەیـە، من ئێرەشـم زۆر زۆر پێخۆشـەو زۆریش حەزدەکەم ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بێمـەوە، بەڵام دەبێ ئەو ئیشانە هەندێک بەپلان بێ، چونکـە بڕیاری گەڕانـەوە ئەوەندە ئاسـان نییەو من لەوێ ئیش دەکەم و فەرمانبـەرم لـە فەرمانگەیەکـی حکومـی، ئیتر دەبێ یان لەو ئیشـە مۆڵەت وەربگری یان ئیستیقالە بدەم و ماڵ بێنمەوە کوردستان و ئیش و کارێک بکەم لەبواری ئیشی هونەری بـێ و لەشـوێنێک دابمەزرێـم بـۆ ئەوەی بتوانم بە بەردەوامی خزمەت بگەیەنم.

*** ئـەردەلان بەکـر بەر لـەوەی بچێتەوە ماڵەوە سـەردانی گەڕەکی خانەقای کرد، تەیـراوە لای تـۆ چی دەگەیەنـێ و کەی سەردانی تەیراوەت کردو ئەوکاتەی چوویت هەستت بەچی کرد؟**

- هونەرمەنـدی خواڵێخۆشـبوو ئەردەلان بەکر جیاوازبوو، دیاربوو ئـەو مـاوەی زۆر نەگەڕابـۆوە کوردسـتان، ١٤-١٥ سـاڵ بـوو، بۆیە کە گەڕایەوە یەکسـەر هەندێک شـوێن هەبـوو چووبـوو، ئـەو سـەفەرەی ئێسـتای من "٦-٧"ەمین جارمە بێمەوە کوردستان لەوەتەی چوومەتـە ئەوروپـا، بەدڵنیاییـەوە ئیحساسـی ئـەو لەمن زیاتـر بوو، بـەڵام منیش کە دەچمـە تەیراوە و ئەو شـوێنانەی لێـی گەورەبوومە و منداڵیـم لێی بەسـەربردووە زۆر دڵخۆش دەبم و ئیحساسێکی خۆشم لا دروست دەبێ.


ئەیاد حوسێن

## ئەزموونگەریەت لە شانۆ (٧)

هیوا سوعاد



ئەو داهێنانە نوێیانەی کە نووسەرەکانی شانۆ لە نووسینەکانییان لەنـاو ناخیاندا بنچینـە کۆنەکانی هەڵگرتبوو، بەڵام گەشـەیان پێکردو لەتەک ئەواندا شتی تریان داهێنا.
هەر نمایشـێکی شـانۆیی گوزارشـتی لە بـاری کۆمەڵایەتی و رامیـاری ئـەو سـەردەمە دەکرد کەتیـادا نمایش دەکرا شـانۆ بـەرە بـەرە شـێوازێکی هونـەری دەربـڕی وەرگرتبـوو کـە گوزارشـتی لەبـاری کۆمەڵایەتی ئـەو سـەردەمە دەکرد. بۆیە قوتابخانە شـانۆییەکان ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاری کۆمەڵگا بوو. باشترین نموونەش شـانۆیی "هرتانی"ی نووسـەر ڤیکتۆر هیگۆ بوو کە شـەڕو ئاژاوەیەکی ئەدەبـی و رامیاری نایەوە. ئەمەش بەسـەرکەوتنێکی مەزن بۆ ڕۆمانسـییەکان ئەژمـار کرا. لەبەر ئەوەی بینەرێکی زۆریان لە هۆڵەکانی شانۆ کردو شانۆگەرییەکە توانـی ببێتە مایەی ڕەزامەندی بینەرێکی زۆر ئەمەش وای کرد بینەر شـەوە یەکەمەکان بەشـەوی "شـەڕی هیرانانی" ناوببات ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونەی کە لە نێوان بینەرەکان روویدا.
بینەر ببوونە دووبەش بەشـێکیان لایەنگری کلاسـیکی کۆن و بەشێکی تریش ڕۆمانسییەکان.
ئـەم دوو لایەنەش گرژیەکی زۆر لـە نێوانییاندا رووی داو زۆر جاران دەگەیشـتە ئەوەی بە دەسـت و پێ بەشـەڕ بێن. لێرەدا ڕەخنەگران ڕۆڵی خۆیان بەباشی گێڕا لە دیارکردنی روخساری ئەو دیاردە نوێیەو پێناسـەیەکی شایسـتەیان پێداو گرنگی ئەو دیاردەیان بە خەڵکی ناسـاند ئەوەتا "م. هیوا تینج" بەم شێوەیە بـاس لـەم قوتابخانەیـە دەکات: "بەشـێنەیی و بـە ئاشـتی لە سەرەتای سـەدەی هەژدەهەم و تا ناوەڕاستەکەی، گۆڕانکاری لە ئۆرسـتۆکراتی و کلاسـیکی روویداو بـەرەو بۆرژوازیەت و سۆزدارییەوە هەنگاوی نا. کاریگەری ئەم دیاردەیەش بەڕوونی دیار بوو لە سـەر ژیان و ئەدەبی ئەو سـەردەمە. لەگەڵ تەواو بوونی ئەو مادەیە نیشانەکانی ئاژاوەو توندوتیژی سەریان هەڵدا. لە ئەمریکا گیانی سەربەستی و یەکسانی سەریهەڵداو نەتەوەی ئەمەریکی لە چنگی شـا جۆرجی سـێیەم شـای ئینگلیز رزگار کرد. پاش چەند ساڵێکی کەم هەمان هەست لای فەڕەنسییەکان سـەریهەڵداو "باسـتیل"ی لەناوبرد. ئەم گیانەش لە سەربەستی و یەکسـانی بووە مایەی سـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێ لە ئەدەبدا، کە دواتر بە ڕۆمانسـیەت ناسـرا" هەروەها قوتابخانەو شـێوازەکانی تر هەریەکەیـان لە بارودۆخێک و سـەردەمێکی پێویستدا سەریانهەڵدا. سەبارەت بە شانۆش هەمان شت.
ئەزموونـی نـوێ و دیـاردەی نوێ بەپێی باری سـەردەمەکەو پێداویسـتی سـەردەم و دۆزی شانۆ سـەریانهەڵدا. لە سەرەتا دەرهێنەر نەبوو بەو مانایەی کە ئێستا هەیە، بەڵکو لە سەرەتادا نووسـراوەکان خۆیان نمایشـەکانیان ڕێک دەخست و ڕێنمایی ئەکتەریان دەکرد. دواتر کاریگەری دەرهێنەر چەسـپاو گرنگی دەرهێنـەر لە نمایشـی شـانۆیی بوونی خۆی سـەلماند، چەند دەرهێنەری بە توانا سەریان هەڵداو هەریەکەیان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەرو دیکۆر و نمایش بە گشـتی. دەرهێنەریش ئاوا بە ئاسـانی شوێنی خۆی دەست نەکەوت، بەڵکو دوای ساڵانێکی زۆر لە ململانێ لەگەڵ نووسەرە شـانۆییەکان ئینجا توانی شـوێنی خـۆی بکاتەوە. نووسـەرە شانۆییەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا خۆیان سەرپەرشتی هەموو کارێک بکەن لە گرنگی پیشـەیی دەرهێنەر کەم بکەنەوە. دواتر دەرهێنەر زاڵ بێت و پیشەی خۆی دەربازکرد و بەمەش نەوەستا بەڵکو توانی بەسەر پیشەکانی تریش زاڵ ببێت ئەوانەی نمایشی شانۆیی پێک دێنن.
ئەوەتا گوردون گریج گەورە دەرهێنەری ئینگلیزی دەڵێ: "کاری شانۆیی تەنها داهێنانی هونەرمەندێکی شانۆییە. ئەو تۆخمانەی کە هونەرمەندی شانۆیی شاکارەکەی لێ دروست دەکات. بریتین لە جووڵەو دیکۆر و دەنگ. مەبەستم لە جووڵە سەماو جووڵەی گوزارشـتکەرو شـتە تایبەتەکانی جووڵەن و دیکۆریش هەموو ئەوانەن کە چاو لەسەر تەختەی شانۆ دەیانبینێ و دەنگیش ئەو قسەو دەنگ و گۆرانییە کە گوێبیستی دەبین .
دەرهێنەر سـەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەسـت هێنـا زۆر جاران وەک کۆیلە سـەیری دەوروبـەرو ئەکتەری کـردووە. ئەمەش زیاتر لە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەم هەسـتی پێکرا هەر ئەم سـەرکەوتنەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بووژانەوەی شانۆی ئەزموونگەری لە کۆتایی هەمان سەدە...

# کەمال هەژار ئەسپ دەدوێنێ!


کەمال هەژار

**تایبەت بە بەدرخان**

کەمـال ئەحمەد ڕەحیم ناسـراو بـە کەمال هـەژار لـە بنەماڵەی جۆلاکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٥٨ گەڕەکـی گۆیژە- کـەزازەکان لەدایک بووە، وەستا ئەحمەدی جۆلا باپیری یەکێکە لە دەست ڕەنگینـە جۆلاکانی سـلێمانی لـە دروسـتکردنی "جاجـم، بەرمـاڵ..." باوکـی حاجـی ڕەحیمـی جـۆلا کە شـاگردی بابـە گەورە بـووەو ڕەنگی بۆ کووڵانـدووە، ڕەنگی بۆ ئامادە کـردووە، هـەر لە سـەرەتای منداڵییەوە خولیای وێنەکێشان و خۆشنووسی و هێڵکاری بووە، لـە نزیکەکانـی مامـی بەڕێزی عەلی ئەحمـەد جۆلا کە هەردەم هاندەری بووە، خاڵی حوسـێن کەریم کە هەمیشە تابلۆکانی بە دەرەوەی وڵات ناسـاندووە، لە فینلەندا و هڵنسکی...
- لە ساڵانی هەشتا ئامادەیی تەواو کردووە.
- ٤ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە.
- گەلەری تایبـەت بەخۆی هەژار لـە سـلێمانی لە سـاڵی ١٩٧٦ بە خۆشنووسـی پرۆژەی ناودارانی کورد.
- لەدوای تەوسـیەی عەلائەدین سـەجادی بۆ بەدیع باباجان کە لەخانـی کۆیـە لە سـاڵی ١٩٨٦ لە شـەقامی ڕەشـید ژوورێکی تایبەتـی هەبـووە کـە خەریکی دیزایـن و وێنەکێشـانی دەکرد لەگـەڵ مەهـدی خەتـات، ئیتـر ئـەوکات بەدیع باباجـان وێنەی "جەزیـری و حاجـی قـادر و ئەحمەدی خانـی و مەولەوی و نالی و .."بەدەست کردبوو، وەکو هێڵکاری جگە لە دروسـتکردنی پـارەی عێراقـی، ئەوە بـۆ ئەو هاندەرێکـی گەورە بـووە، پاش ٢٥ سـاڵ ئەو ئاواتـەی هاتەدی کە وەسـیەتەی بەدیع باباجانی جێبەجێ کردووە بەوەی وێنەی ناودارانی کێشاوە.
دەربارەی ئەو کارانە کەمال هەژار دەڵێ: ئەو کارانەم بەشێوەی قۆناغ کـردووە، بە پۆرترێـت و بۆیەی زەیتی لەسـەر قوماشی کانفاس- جیهانـی، بۆ ئـەوەی بمێنێتەوە و بەرگە بگرێ نەوەک تێک بچێ.
- زیاتر لە ١٠٠ کەسایەتی ناوداری کورد و سـەرکردە کـوردەکان و شۆڕشەکانی کوردی نەخشاندووە بە ڕەنگی زەیتـی، ئەو دەڵێ بۆیە بـە زەیت کارم کـردووە، چونکە تەمەنی تابلۆکە درێژ دەبێ.
دەربـارەی پـرۆژەی داهاتـووی خۆی کەمال هەژار دەڵێ: بەنیازم پـرۆژەی "سـەمای ئەسـپەکان" لـە یەکێ لە وڵاتانـی ئەوروپی یا عەرەبی یائەمریکی لەپێشانگایەکی گەورەدا پیشانیان بدەم، لەڕێگەی هـەر دەزگایەکـی بـە حورمەتی کوردی، چونکە ئامانج لە ناساندنی کەسێتی کوردە بە دنیای دەرەوە، زۆریش پێخۆشـحاڵم کە ئەسـپ نیشـانەی مێژوو و هەڵسـانەوە و لەبیرنەکردنـە بـۆ مێـژووی کوردەواری.



# هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەرک و ماف و دەسکەوتە

**عەبدوڵڵا دەربەندی**

کە باس لەهەڵبژاردن و دەنگدان دەکرێت راستەوخۆ بیروهۆشم دەگەڕێتەوە بۆ پێش راپەڕین، کە ئەوکاتەی هەر سێ دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی لەدەستی یەک کەس کۆبوبوەوە، کە ئەویش (سەددام حوسێن)بوو، بە ڕووکەش بانگەشە بۆ هەڵبژاردن دەکرا، بەڵام چۆن؟ پێش هەڵبژاردن ئەنجامی کۆتایی دەزانرا، بەوەی کە هەموو کەسێک لەسەریەتی دەبێ بچێ دەنگ بدا دەنگیش بەو کەسە بدا کە دەسەڵات مەبەستیانە. لەیەکێک لە بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزیدا بەیانی زوو لەدەرگا درا، کە چووین دەرگامان کردەوە دوو رەفیق حیزبی وەرەقەیەکی بچووکیان دایە باوکم و گوتیان ئێوە ئەمرۆ دەبێ بچن بۆ دەنگدان و دەنگیش بەو دوو ناوە بدەن و بەس ..بۆ ئەو بارودۆخەی ئەوکات شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، لەهەمانکاتیشدا مایەی نیگەرانی بوو بۆ من و هەموو ئەو کەسانەی درکیان بەو بارودۆخە ترسناکەی ئەوکات دەکرد، چونکە پرسیارمان لەخۆمان دەکرد باشە هەڵبژاردنێک کەپێش وەخت ئەنجامەکەی دیاربێت و پێویستە لەسەرت بچێ دەنگ بدەی و دەنگیش بەو کەسە بدەی، کە دەسەڵات مەبەستێتی، کە ئەوانیش پلەو پایەو ئاستی رۆشنبیری و هەڵوێست و هۆشیاری نەتەوایەتیان زۆر دیاریکراو و ناسراو بوون، دەبێ ئەمە چۆن هەڵبژاردنێک بێت ؟ ئەمە ئیهانەکردنی مرۆڤ نییە ؟ ئەی ئەمە بەشێک نییە لەکۆیلەبوون و ترس و تۆقاندنی ئینسانەکان؟ مەبەستی رژێمی بەعسی ئەوکات چی بوو لەئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە ؟ ئایا بە بڕوای خۆیان ئەمە نیشاندان و بڕوابوونیانە بە بنەماکانی دیموکراسی یان بۆ چەواشەکردنی ڕای ناوخۆو نێودەوڵەتی بووە؟بەهەر حاڵ لەگەڵ راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کۆتایی بەو حوکمە خۆسەپێن و سەرکوتکەرە هات لەهەرێمی کوردستان، هەموو بەرنامەو پرۆسەکانی بەرێوەبردن و شێوازی حوکم کردن لەم هەرێمە گۆڕانکاریان بەسەراهات بەئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەوەی کە لەپێشتر هەبوون .هەموو ئەو پارتە سیاسیانەی، کە پێشتر لەشاخ خەباتیان دەکرد لە دژی رژێم خەباتیان گواستەوە بۆ شار، سەرباری ئەوەی لە ئەنجامی ئەو ئازادییەشدا دەیان حیزب و رێکخراوی سیاسی و پیشەیی دروست بوون، کەشو هەوایەکی نیمچە ئازاد دروست بوو، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی کێشانەی دامودەزگاکانی رژێم لە هەرێمی کوردستاندا بۆشاییەکی ئیداری دروست بوو، کە بەرەی کوردستانی نەیتوانی وەک پێویست ئەو کەلێنە پر بکاتەوە، بۆیە بڕیاردرا هەڵبژاردن بکرێت . ئەوەبوو لە ١٩/ئایاری ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئەنجامدرا و پارلەمان و حکومەتی هەرێم جێگەی تەشریعی و تەنفیزییە کارتۆنییەکەی پێشانی گرتەوە . سەرباری ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە تەزویرو گۆڕینی مەرەکەبی تێدا کرا و بنکەکانی دەنگدان زۆر کەم بوون، هەموو خەڵک نەیانتوانی بەشداری دەنگدان بکەن، تەشهیر و ئیهانە و ئازادرانی خەڵکی لێکەوتەوە،لەسەرووی هەموو ئەو سلبیاتانەی کە هەیبوو، بەڵام بە خاڵێکی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی کوردستان دادەنرێت لەقۆناغێک، کە سیستەمێکی جامدی سەرکوتکەرو داپلۆسێنەری تێدا بەرقەرار بوو بەرەو قۆناغێکی نوێ و تازە، کە ئازادی بیرو ڕاو فرەحیزبی و فرەدەنگ و فرەڕەنگ و چەکەرەکردنی ئازادییەکان و کردنەوەی دەروازەیەک بۆ بەرەو مەدەنیەتکردنی کۆمەڵگە .

دوای ئەو هەڵبژاردنە چەند هەڵبژاردنێکی تریش لە کوردستان ئەنجامدران ..شارەوانییەکان و پارلەمان و دەنگدان لەسەر دەستوور . بێگومان ئەوانیش بەدەر نەبوون لەکەموکوڕی سەرەڕای ئەوەی هەست بەبێزاری دەکراو خەڵکی وەک و پێویست بەرەو سندوقەکانی دەنگدان نەدەڕۆیشتن،کە لەم بارەشەوە خەڵکی پاساوی خۆیان هەبوو،گلەییان لەحکومەت و پەرلەمان هەبوو بەوەی حکومەت نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەتی ئەو هەرێمە بکات لەڕووی دابینکردنی ئاوو کارەباو بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و ..هتد سەرباری ئەوەی کە شەڕی ناوخۆش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروون و بیرکردنەوەو دیدگەی خەڵک دروستکردبوو.

بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی ئەمجارە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی تر لەڕووی تێگەیشتنی خەڵک لەماف و ئەرکەکان، لەڕووی هەستکردن بە لێپرسراویەتی بەرامبەر گەل و نیشتمان. لەلایەک هێزە عەرەبییەکان و دەرو دراوسێ لەگەڵە کۆمەکیدان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و دەوری کورد لەبەغدا و لەلایەکی ترەوە چەندین کێشە بەهەڵپسێردراوی و چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، هەر لە ماددەی (١٤٠) وگرێبەستە نەوتییەکان و هەموارکردنی دەستوور و . هتد.

ئەگەر بەراوردێکی تر بکەین لەگەڵ شێوازی بانگەشەی ئەم هەڵبژرادنە و هەڵبژاردنەکانی تر و لیستی ناوی پاڵێوراوانی هەموو لیستەکان لەگەڵ ئەوانی پێشووتر، ئەم جارە هەڵبژاردن و بانگەشەی هەڵبژاردن گەرم و گوڕییەک و جیاوازییەکی زۆر بەرچاو دەبینی، لەلایەک جۆرەها لیستی جیاواز لەبیرو ڕاو دەنگ و ڕەنگ و ئایین رکابەرن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی، لەلایەکی ترەوە ئەم فرە لیستییە وای کردووە زۆربەی کاندیدەکان کەسانی خاوەن بڕوانامەو پسپۆڕ دەستنیشان بکرێن، کە ئەمەش وا دەکات نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی داهاتووی عیراق چالاکترو بە گوڕترو سەردەمیانەتر کار بکەن بۆ پاراستنی دەسکەوت و مافەکانی گەلی کوردستان و گەڕانەوەی مافە خوراوەکانمان، کە ئەوەش خۆزگە و ئومێدی هەموو کەسێکە.

زۆر جار کە دێینە سەرباسی دەنگدان و چوونمان بۆ سەر سندوقی دەنگدان هەندێک کەس باس لەوە دەکەن، کە ناچن بۆ دەنگدان یان هانی خەڵک دەدەن بۆ بەشداری نەکردن لەم پرۆسەیە و بڵاکردنەوەی پڕوپاگەندە لەدژی دەسەڵاتی سیاسی کورد، کە ئەمەش دیارە بۆ دوو مەبەست دەکرێت یان لەئەنجامی تێنەگەیشتن لە ئەرک و مافەکانی تاک و گلەیی کردن لە هەندێ بەرپرسی گەندەڵ و ئەو کەموکوڕیانەی، کە هەن کە ئەمەشیان لەدڵسوزی و خەمخۆرییە، یان ئەوەتا دەستێکی ئاڕاستەکراو و بەرنامە بۆ دارێژراوە لەلایەن نەیاران و ناحەزانی گەلی کوردستان بەمەبەستی تێکدانی ئەو ئەزموونەی، کە ساڵەهایە خەڵک خەونی پێوە دەبینێ.

بۆیە هەموو کەس پێویستە لەوە دڵنیا بێ، کە بەشداریکرنی لەپرۆسەی دەنگدان سەلماندنی بوونی خۆیەتی ئەو دەنگدانەش خێر بەکەس ناکەی، بەڵکو مافێکی ڕەوای خۆتە پیادەی دەکەی، دەنگ بەو کەسە و بەو لیستە دەدەی کە خۆت بڕوات پێیەتی، بۆیە بە نەچوون و بەشدارینەکردن و دەنگ نەدان لەلایەک تۆ یەکێک لەمافەکانت پێشێل دەکەی و لەلایەکی تریش رێگەخۆش دەکەی بۆ ئەو کەسانەی، کە تۆ ناتەوێ ببنە نوێنەرت لەپەرلەمان.

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی"٢٠٠٥" لە عێراقدا - "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



**پشکۆ عەلی ساڵح**

ئەم توێژینەوەیە خوێندکار پشکۆ عەلی سەعید لە دوو توێی میتۆدی خوێندنی کۆلێژ پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کردووە، کە بە شێوەیەکی بابەتیانە باسی هەڵبژاردنی ساڵی"٢٠٠٥"ی عێراقی کردووە و هاتۆتە سەر مێژووی ململانێی مەزهەبی لە عێراق و دەرکەوتنی هەردوو مەزهەبی سوونەو شیعە لە عێراقدا لەگەڵ چەندین تەوەری دیکە، ئێمە لە هەفتەنامەی بەدرخان وەکو بابەتێکی گەرم بەباشمانزانی بەشێوەی زنجیرە بڵاوی بکەینەوە.

لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی ئیسلامی بوو بە (دوو) بەشەوە: بەشی خۆرئاوا کە (موعاویە) فەرمانڕەوایی دەکرد و پێک هاتبوو لە (شام و میسرو هەرێمەکانی ئەفریقیا) . بەشی خۆرهەڵات (عەلی) فەرمانڕەوایەتی دەکرد پێک هاتبوو لە (عیراق و دوورگەی عەرەبی و هەرێمەکانی تر) . (موعاویە) کە ئەمەی بۆ چووە سەر هەوڵیدا بەرەبەرە دەسەڵاتەکەی فراوان بکات و بێت عیراق داگیر بکات، لایەنگرانی (عەلی)یش دوای شەڕی خەواریجەکان لە نەهرەوان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لێیان کە خەڵکی عیراق بوون ڕێژەی پابەندبوونیان بە خەلیفە لاواز بوو . نائارامی بەردەوام بوو، (موعاویە) کەسێکی سیاسی بوو شارەزا بوو لە بەڕێوەبردنی ململانێکان و بەوە ناسراوە، کە وتبووی: **"لو أن بيني وبين الناس شعرة ما انقطعت أبدا. قيل له: وكيف ذلك؟ قال: إذا مدوها أرخيتها وإذا أرخوها مددتها".** هەروەها لەسەر داگیرکردنی عیراق و دەوروبەری و لاوازکردنی دەسەڵاتی خەلیفە پێداگر بوو، لەبەرامبەردا (عەلی) لە هەوڵی کۆکردنەوەی هێز بوو بۆ شەڕ کردن لەگەڵ (موعاویە)دا، ڕۆژ بەڕۆژ ناکۆکی نێوان (عەلی) و (موعاویە) زیاد دەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تەواوی موسڵمانان لە بارودۆخەکە بێزار و نائومێد بن، ئەو کەسانەی کە لە (خواریج)ەکان مابوونەوە، کارەساتی (نەهرەوان)یان بیرنەچووبووە، بۆ ئەوەی موسڵمانان ئاسوودە بکەن، پلانیان دارشت کۆتایی بەو ئاژاوەو دووبەرەکیە بێنن، بە کوشتنی (عەلی) و (موعاویە)و (عەمر بن عاس) کە بەهەمان شێوە لەو ناکۆکییەدا ڕۆڵیان هەبووە . هەروەها تۆڵەی براکانیان لە (عەلی) بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە (سێ) کەس بەو ئەرکە ڕاسپێردران، (عەبدولرەحمان کوڕی مولجمی حمیری) بۆ کوشتنی (عەلی)، (حەجاجی کوڕی عەبدوڵڵای سەریمی) بۆ کوشتنی (موعاویە)، (عومەر کوڕی بەکیر) بۆ کوشتنی (عمر بن عاس) . ڕێککەوتن کە لە یەک ڕۆژو کاتدا ئەو کارە ئەنجام بدەن، کە کردییە بەرەبەیانی ڕۆژی حەڤدەیەم لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠-ک) . ئەوەی بۆ (موعاویە) دیاریکرابوو کارەکەی پێ بە ئەنجام نەگەیشت، بەهۆی بەستنی قەڵغان لە لایەن (موعاویە)وە، کەسەکە کوژرا . بەهەمان شێوە ئەو کەسەی بۆ کوشتنی (عەمر کوڕی عاس) نێردرابوو نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی (عەمر) کە نەیتوانیبوو بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی و کەسەکە کوژرا . (عەبدولرەحمانی کوڕی مولجەم)یش هێرشی کردە سەر (عەلی) لە کاتی دەرچوونی بۆ نوێژی بەیانی، بەسەختی بریندراری کرد . (عەلی) بە بریندراری برایەوە ماڵەکەی خۆی و (دوو) ڕۆژو شەوێک ژیا، لە شەوی (دووەم) کۆچی دوایی کردو کەسی بۆ خەلافەت دیاری نەکرد. کە پرسیاریان لێکردبوو سەبارەت بە دانانی (حەسەن)ی کوڕی لە وەڵامدا وتبووی: (لاآمرکم ولا أنهاکم)، بەڵام شیعە پێیان وایە (عەلی) خەلافەتی بە (حەسەن) سپاردووە . (حەسەنی کوڕی عەلی)یش دوای کوژرانی باوکی بۆ ماوەی (٦) مانگ خەلافەتی کرد، دواتر لە ژێر فشاری (معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) وازی لە خەلافەت هێنا ساڵی (٤١ ک)، ئەو پایەی بۆ (موعاویە) بەجێهێشت، بەمەش سیستەمی سیاسی خەلافەت لە هاوەڵە یەکەمەکانی پێغەمبەرەوە بۆ بنەماڵەی ئومەوییەکان گوازرایەوە.

**٤- سەرهەڵدانی مەزهەبی سوونەو شیعە :**

**أ – سوننە :**

لە زمانی (عەرەبی)دا، بەمانای (الطريق) بە واتا (ڕێگا) دێت، بەڵام وەک چەمکێکی سیاسی و زاراوەیەکی شەرعی هەموو شتێک دەگرێتەوە، کە پەیوەندیی بە پەیامبەر (د.خ)ەوە هەبێت، هەر لە قسەو هەڵسوکەوت، خەسڵەت، بەسەرهات، تا ڕووداوی پێش دابەزینی سروش و دوای دابەزینی . تەنانەت لای هەندێک بە فەرموودەش دێت . وەک چەمکێکی سیاسیش جەخت لەسەر یەکێتی (جماعە) و ڕێگرتن لە کێشە دەگرێتەوە . (أهل السنة والجماعة)ش بریتییە لە باووباپیرانی پێشووی موسڵمانان لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان، کە کۆببوونەوە لەسەر ڕاستی ڕوون و ئاشکرا لەدەقەکانی پەروەردگار و سوونەتی پەیامبەر (د.خ)، هەروەها بڕوایان بە خەلافەتی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان عەلی هەیە . واتە سوونەتی پەیامبەر، هەروەها (جماعە)ش مەبەست لێی هەموو ئەو کەسانەی کە لە دوایاندا هاتوون و هەمان پەیڕەویان هەبووە . وشەی سوننە لە چەندین فەرموودەی پەیامبەر (د.خ) هاتووە، وەک : (عن **معاوية : سمعت النبي (ص) يقول : "لاتزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله، لايضرهم من خذلهم أو خالفهم حتى ياتي امرالله وهم ظاهرون على الناس".** (عن **ابن مسعود - قال رسول الله(ص) :" لايحل دم امرىء مسلم يشهد أن لا إله إلا الله واني رسول الله، إلا بإحدى ثلاث : النفس بالنفس، الثيب الزاني، والمفارق لدينه التارك للجماعة"** . (عن إبن عباس - قال رسول الله (ص) : **"يدالله مع الجماعة"**) . (عن **ابي هريرة - قال رسول الله (ص): " الصلاة المكتوبة التي بعدها كفارة لما بينهما، قال والجمعة الى الجمعة، والشهر الى شهر - يعني رمضان الى رمضان- كفارة لما بينهما، قال : ثم قال بعد ذلك : إلا من ثلاث - قال فعرفت إن ذلك الأمر حدث - إلا من إشراك بالله ونكث الصفقة، وترك السنة، قال: اما نكث الصفقة أن تبايع رجلاً ثم تخالف اليه تقاتله بسيفك، واما ترك السنة فالخروج من الجماعة " . "عن العرباض بن سارية، قال وعظنا رسول الله (ص) بعد صلاة الغداة موعظة بليغة ذرفت منها العيون ووجلت منها القلوب، فقال رجل: إن هذه موعظة مودع، فماذا تعهد إلينا يا رسول الله ؟ .. قال: أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة، وإن عبد حبشي، فإنه من يعش منكم يرى إختلافاً كثيراً، وإياكم ومحدثات الأمور فإنها ضلالة، فمن أدرك ذلك منكم فعليكم بسنتي وسنة الخلفا و الراشدين المهدين عضوا عليها بالنواجذ"** . بۆیە پەیڕەوانی دوای پشت بەستن بەو دەقانە پەیڕەوی لێدەکەن.

مەزهەبی سوننە گەورەترین مەزهەبی ئیسلامییە لە جیهانی ئیسلامیدا، زۆرینەن، نزیکەی ٧٥٪ی موسڵمانان شوێنکەوتەی ئەو مەزهەبەن و لە هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، جگە لە ئێران و ئازەربێجان و بەحرێن و عیراق، زۆرینەن . بۆیە وادادەنرێت، مەزهەبی سوونە دەریایەو مەزهەبەکانی تر دورگەی ناو دەریاکەن.

**ب. شیعە :**

شیعە ناوی رێبازێکە لە موسڵمان، کە پێیان وایە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و نەوەکانی لە (فاگمە)ی خێزانی، کە دەکاتە کچی پەیامبەر (د.خ) سەرچاوەی سەرەکی موسڵمانانن . دوای کۆچی دوایی پەیامبەر(د.خ)، پایەی ڕابەرایەتی (الامامە) ئیمامەتیش مافی ڕەوای ئەوانە، هەرچەندە لەناو شیعەکانیشدا چەندین گروپی جیاجیا دروست بوون، بەڵام هەموویان لەسەر مەسەلەی ڕابەرایەتی تا ڕادەیەک کۆکن .

وشەی (شیعە) لە (تشييع) هاتووە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای سەرخستن (المناصرة) یا شوێنکەوتن (متابعە) یان هاوڕابوون دەگەیەنێت . لە [قورئان]ی پیرۆزیشدا وشەی شیعە هاتووە، پەروەردگار فەرموویەتی:**إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا (الأنعام، آية:١٥٩)، [مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا] (الروم، آية: ٦٩).**

لە فەرموودەکانی پەیامبەریش (د.خ) وشەی شیعە هاتووە وەک لەم فەرموودەیە : **"سيكون له شيعة يتعمقون في الدين حتى يخرجوا منه"**. بەڵگەنامەی دادوەریی شەڕی (الصفین)دا لەنێوان خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (موعاویە کوڕی ئەبی سفیان) بە مانای شوێنکەوتووانی (عەلی) و شوێنکەوتووانی (موعاویە) هاتووە: **"هذا ما تقاضى عليه علي بن أبي طالب، ومعاوية بن أبي سفيان، وشيعتهما"**، کەواتە وشەی شیعە تەنها تایبەت نەبوو بە شوێنکەوتووانی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)، بەڵکو بە شوێنکەوتووانی (موعاویە)ش وتراوە .

بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر دەرکەوتنی مەزهەبی شیعە، لە گرنگترینیان :

١) گروپێک بۆ سەردەمی کۆتایی ژیانی پەیامبەر (د.خ)ی دەگێڕنەوە، کە لەدوا حەجیدا لە (غەدیرخوم)، فەرموویەتی: **"من كنت مولاه فعلي مولاه، اللهم والِ من والاه وعاد من عاداه واحب من احبه وأبغض من ابغضه وانصر من انصره واخذل من خذله وأدر الحق معه حيث دار"** . بەپێی ئەم فەرموودەیە شیعە پێیان وایە کە دوای پەیامبەر (د.خ) مافی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)ە ببێ بە خەلیفە .

٢) گروپێکی دووەم بۆ کاتی کۆچی دوایی پەیامبەر (د.خ) دەگێڕنەوە، کاتێک کە کۆچکەرەکان و پشتیوانان لە کەپری (بەنی ساعید) بەبێ ئامادە کەسایەتییەکانی بەنی هاشم کۆببوونەوە، وەک (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب)، کە ئەو کاتە جەنازەی پەیامبەریان (د.خ) ئامادە دەکرد بۆ ناشتنی، چەند هاوەڵێکی پەیامبەر (د.خ) لەوانە (أبو ژر غەفاری، میقدادی کیندی، عەمار کوڕی یاسر، زوبیری کوڕی عەوام) پشتیوانیان لە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) کرد .

٣) گروپی سێیەم بۆ کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی سێیەم خەلیفەی ڕاشدی (عوسمان کوڕی عەففان)، کە نارەزایی و ناکۆکی زۆر ببوو، چەندین بیروءاو بۆچوونی جیاواز پەیدا بوو، کە بەشێکیان پشتیوانیان لە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) دەکرد بۆ گەیشتنی بە پایەی خەلافەت .

٤) گرووپی چوارەم بۆ سەردەمی شەڕی (الجمل)ی دەگێڕنەوە، کە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) بە لایەنگرانی وتبوو (هؤلاء شيعتي) .

٥) گروپی پێنجەم بۆ دوای کوشتنی (حوسێنی کوڕی ئەبی تاڵب) دەگێڕنەوە، کە لە کەربەلا ساڵی (٦١-ک) کوژرا .

٦)گروپی شەشەم پێیان وایە:(عەبدوڵڵا کوڕی سبأ)ی جوو کێشەیەکی لە نێوان هاوەڵان دروستکردووە، هەرچەندە چەندین لێکۆڵینەوە کراوە و گومان لەبوونی ئەو کەسایەتییەدا هەیە، ئەگەر هەبووبێتیش ئەستەمە تاکە کەسێک توانیبێتی تا ئەو ڕاددەیە زۆرە کاریگەری هەبووبێ لەسەر هاوەڵان .

٧) گروپی حەوتەم پێیان وایە کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی فارسییە، کە ویستوویانە خۆیان لە عەرەب جیابکەنەوەو تۆڵەی روخانی ئیبراتۆریەتەکەیان بکەنەوە، هەرچەندە لە مێژوودا هاتووە کە فارس لەسەردەمی عەباسی بوون بە شیعە . لە نێوان ئەم بیروڕا جیاوازانە دەکرێت ڕای چوارەم بەهەند وەربگیرێت و زانستیانە لە دەرکەوتنی ئەم پەیڕەوەدا لێی بڕوانرێت، بەڵام دەرکەوتنی شیعە وەک بیرێکی شۆڕشگێڕی بۆ دوای کوشتنی (حوسێن) لە شەڕی (کەربەلا) دەگەڕێتەوە.

**٥- دەمارگیری مەزهەبی لە ئیسلام :**

دوای ئەو ڕووداوانە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، دەمارگیری مەزهەبی پەیدابوو، هەر مەزهەبێک دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، بارودۆخەکەی بە قازانجی خۆی بەکارهێناوە، لەسەر حسابی مەزهەبە بەرهەڵستکارەکانی تر دەستکەوتی هەبووە .

لە ڕووی سیاسیشەوە دەمارگیری مەزهەبی کاریگەری نێگەتیفی لەسەر زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییە بە رێباز بووەکان (المتمذهبی) هەبووە لە هەموو سەردەمەکاندا، دادپەروەر نەبوون لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ رێبازەکان (طائفة)کانی تر و بەرهەڵستکارانیان . مەزهەبی حوکمڕان بوارێکی فراوانی پێدەدرا، لەبەرامبەردا بوار بۆ مەزهەبی بەرامبەر بەرتەسک دەکرایەوەو دەچەوسێنرانەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی نێگەتیف کاریگەری هەبوو لەسەر بنیاتنانی ناوخۆی دەوڵەتەکەو هۆکاری سەرنەکەوتنیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەمارگیری مەزهەبی لە ناو ڕێبازە جیاوازەکاندا، بەڵکو ئەو دەوڵەتانە بوونە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و هاندان و بەشداریکردن تیایدا .

لەگەڵ ئەوەشدا دەمارگیری مەزهەبی لایەنی باشیشی هەبووە، بەڵام کەمتر بەبەراورد لەگەڵ لایەنە نێگەتیڤە مەترسیدارەکانی . لە خاڵە باشەکانی بووە هۆی هاندانی لایەنەکان بۆ کارکردن لە پێناو مەزهەبەکانیان و چەندین دامەزراوەی زانستییان دامەزراند و (إجتهاد)یان کرد، هەر مەزهەبەی سامانێکی زانستی زۆری لە ڕەگی ئایین و لقەکانی بەدەستهێنا، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو دامەزراوانە بریتی بوو لەزاڵبوونی خەسڵەتی مەزهەبی لەسەریان و زۆری ڕوونکردنەوەو کەمی نوێگەری.

هەر بۆیە لەسەر موسڵمانان بە گشتی و زانایانی ئایینی بە تایبەتی پێویست بوو لە هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعە هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو درزە بدەن لە نێوان هەردوو مەزهەبی موسڵمان دروست بووە، لەبەرئەوەی بڕوایان بە یەک پەروەردگارو یەک پەیامبەر و یەک کتێب هەیەو ڕوو دەکنە یەک قیبلە، ناکۆکی و نێوان هەردوو مەزهەبی (سوننی) و (جەعفەری)یش لە لقە فیقهیە ئیجتهادییەکان دیاریکراوە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو ناکۆکییە فقهیانەی کە لە نێوان مەزهەبی (أبی حەنیفە)و (جەعفەر لسادق) هەیە لەسەر هەندێ بابەتی لاوەکی، کەمترە لەو ناکۆکییە فقهیانەی، کە لە نێوان مەزهەبی (أبی حنیفە)و (شافعی) لە مەزهەبەکانی سوننەدا هەیە.

**سەرچاوە:**

* خەواربج: لە وشەی (خرج)ەوە هاتووە، مەبەست لێی دەرچوونی ئەو کۆمەڵە بوو لە دەسەڵاتی خەلیفە (علی کوڕی ئەبی تاڵب) دوای ڕازی بوون بە دادوەریی لەگەڵ (معاویەی کوڕی ئەبو سفیان)، دەرچوون بوو لە پێناو پەروەردگار دا بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵگای ئیسلامی لە ناکۆکی و پەرتەوازەیی و باوەڕیان وابوو کە بوونی خەلیفە پێویستەو مەرج نیە قورەیش بێت، بەڵکو مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە بە حەقیقەت موسڵمان بێت، هەروەها باوەڕیان وابوو کە موسڵمانان مافی خۆیانە لە دژی خەلیفەی ستەمکار ڕاپەڕن و زوڵم و زۆر قبولاً نەکەن. لە کتێبی (هاشم کەریمی: ئاین و دەسەڵات لە پرۆسەی مێژووی ڕوحانیەتی شیعەدا، ل٥٥).

**بەشی دووەم**

ریکلام

# دکتۆر نەجمەدین کەریم کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای کەرکووک



* دکتۆر نەجمەددین عومەر کەریم لەساڵی ١٩٤٩ لەکەرکوک لەدایکبووە.

* سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەکەرکوک تەواوکردووە، پاشان کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی موسڵ تەواوکردووە، لەتەمەنی گەنجێتییەوە لەڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاریکردووە.

* لەساڵی ١٩٧١ هەڵبژێردرا بەئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بوو بەلێپرسراوی لقی موسڵ و دهۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق، لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریکردووە،هەروەها لەنەخۆشخانەی جمهوری کەرکوک وەکو پزیشک کاری کردووە،پاشان چووەتە ڕیزەکانی ناو شۆڕشی گەلی کوردستان و لەکاری پزیشکی بەردەوام بووە تا تێکچوونی شۆڕش دوای ٦ی ئازاری ١٩٧٥.

* لەساڵی ١٩٧٦ وەک پزیشکی تایبەتی سەرۆک (مەلا مستەفای بارزانی)چوونەتە ئەمریکاو (د.نەجمەددین) لەوێ ماوەتەوە، بەردەوام بووە لەخوێندن تا ئیختصاصی (بۆرد)ی وەرگرت لە (Neurosurgery) (جراحه الجمله العصبیه) لەزانکۆی جورج واشنتۆن و بەردەوام بووە لەکارەکەی.

* بەرپرسیارێتی زۆری وەرگرتووەو یارمەتی ژمارەیەکی زۆری لە دکتۆری کورد داوە بۆئەوەی وەرگیرێن و لەنەخۆشخانەکان ئیختیصاص وەربگرن.

* دکتۆر نەجمەددین عومەر کەریم، بەردەوام بووە لەکاری سیاسی و کوردایەتی لەگەڵ کارەکەی خۆیدا.

* لەساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کۆنگرەی نەتەوەی کوردیان ( KNC ) لەباکووری ئەمریکا دامەزراند، وە لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٩ سەرۆکی کۆنگرەکە بووە.

* لە ١٩٩٠/٦/١٥ یەکەم کورد بووە لەبەردەم (سەنەتی)ئەمریکاقسەبکات بۆ بەرگریکردن لەمافی گەلی کوردو ئاشکراکردنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران.

* لەمانگی ١٩٩١/٤ یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی وەکو کورد لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سازدا، وە بووە بەوتەبێژی سەرەکی کورد لەمیدیاکانی ئەمریکا لەسەر کێشەی کورد، وەهانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرەی کوردستانی وەکو نوێنەری شەرعی کوردستانی عیراق.

* لەساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ دامەزراندنی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا کە لەساڵی ١٩٩٢ دەستی بەپەخش کرد.

* لەساڵی ١٩٩٦ ئەنیستیتۆی کوردی لەواشنتۆن دامەزراند کە تائێستاش سەرۆکی (Washington Kurdish institute)ەیە.

* بەشداری کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی (INC) کرد لەڤیەننا وە پاشان هەڵبژێردرا بۆ مەکتەبی تەنفیزی.

* لە مانگی ٢٠٠٢/١٢ بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق کرد کە لە لەندەن بەڕێوە چوو وەهەڵبژێدرا بە یەکێ لەو ٦٥ کەسەی سەرکردایەتی، وە بەشداری کۆبوونەوەی سەلاحەدینی کرد لەمانگی ٢٠٠٣/٢.

* ئێستا ئەندامی بۆردی چەند ڕێکخراوو زانکۆیەکە وەکو زانکۆی ناوەڕاستی فلوریدا کە چوارەم گەورەترین زانکۆی ئەمریکایە، جێگری سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی پاریسە.

* لەزۆر ڕۆژنامەو پرۆگرامی تەلەفزیۆن لەئەمریکا، ئەورووپا، کەنەداو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەشداریکردووە، بەشداری کۆبونەوەکانی ئەمریکاو جیهانی کردووە کە پەیوەندی بەکێشەی کوردەوە هەبووە، وتاری نوسراوی بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا وەکو نیۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست، لوس ئەنجلس تایمز، واشنتۆن تایمز، هەروەها زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی تر.

* بەشداری کۆبوونەوەی پاریسی کرد بۆ ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لەساڵی ١٩٩٤.

* یارمەتی مەسەلەی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان داوە، بەشداری کۆبوونەوەکانیانی کردووە، کۆنفرانس و سیمیناری بۆیان ڕێکخستووەو سەردانی سەرکردەکانیانی بۆ ئەمریکا ڕێکخستووەو یارمەتیداون..چەندەها سیمیناری لەئەمریکادا ڕێکخستووە بۆ کێشەی کەرکوک و جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠).

✓ ٣٧٢ ✓ ١

هاوپەیمانی کوردستان
٣٧٢
التحالف الكردستاني

ریکلام

# سەعدی ئەحمەد پیرە کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



سەعدی ئەحمەد پیرە کاندیدی ژمارە ٤ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاند: هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراق جیاوازە لەپەرلەمانی کوردستان، روونی کردەوە پەرلەمانی کوردستان مەسەلەیەکی ناوخۆیی یەک خێزانەو بۆ رێکخستنی کارە ئیداری و خزمەتگوزاریەکانی ناوخۆیە، بەلام پەرلەمانی عێراق پرسە سیاسیە چارەنووسازەکان تاوتوێ دەکات و هەرلەوێش نەخشەی سیاسی دەولەتی عێراق دادەرێژرێت.

کاندیدای ژمارە ٤ی لیستی هاوپەیمانی سەعدی ئەحمەد پیرە لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەل هەفتەنامەکەمان، هەستیاری قۆناغەکەو گرینگی بەشداریکردنی هاولاتیانی لەهەلبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەران روونکردەو ئاماژەی بەوەدا کە لەچوار سالی داهاتوو، دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکشێنەوە، عێراق بەرەو سەقامگیری و سیاسی دەروات و تەواوی سیادەی خۆی بەدەست دێنێت، بۆیە پێویستە لەوچوار سالەی دادێ کێشەکانی خۆمان لەگەڵ عێراق چارە بکەین، بەمەش دەبینە شەریکێکیی راستەقینە لەخێروبێری ولاتەکە، ئەگەر وانەبێت دەبێت چاوەروانی کێشەو گرفتی زیاتر بکەین، راشیگەیاند: پرسیارە قورسەکانی کورد لەبەغدا وەلام دەدرێنەوە، ئایا کورد هەیە یان نیە، مافی چەندە، سنووری خاکەکەی تاکوێ یە، سەعدی پیرە ئەوەشی روونکردەوە کە شەرو ئاشتی لەبەغداوە دێت وتی: ئەگەر هەموو دونیا دۆستمان بێت لەگەل بەغدا ناکۆک بین سەقامگیری سیاسی و ئابووری بەخۆمانەوە نابینین، بۆیە پێویستە لە چوار سالی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەبەغدا پەیرەوەی سیاسەتێکی عەقلانی بکەین و بەهێزی مەنتیق نەوەک بەمەنتیقی هێز مامەلە لەگەل فراکسیۆن و لایەنەکانی ناو ئەنجومەن بکەین.

پاشان هاتە سەر ئەو کێشانەی ماون و چارە نەکراون، لەوانە ناوچە کێشەدارەکان، پێشمەرگە، سنوری هەرێم، دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق.

سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان سەعدی پیرە باسی لەگرینگی ئەو ناوچانە کرد کە هەم کوردستانین و هەمیش ناوچەیەکی دەولەمەندن، بۆیە حکومەتەکانی عێراق تەعریبی کردون، بۆئەمەش ماددەی ١٤٠ ی بەنمونە هێنایەوە کە رێنیشاندەری گێرانەوەی ئەم ناوچانەیە.

کاندیدی ژمارە ٤ ی لیستی هاوپەیمانی لەسەر کێشەی پێشمەرگە وەستاو وئەوەی بەبیر هێنایە کە پێشمەرگە عەسکەری فیرار نەبووە بەلکو پێکهاتەیەک بوون لەمامۆستا، موهەندس، دکتۆر، کاسبکار کە بەخواستی خۆیان چەکی شەرەفیان کردۆتە شان و کارو شەهادەکانیان و ژیانی خۆیان لەپێناو میلەتەکەیان بەخت کردووە، بۆیە دەبێ ماف و ئیمتیازاتیان لەجەیشی عێراق کەمتر نەبێت، چونکە بەپێی ماددەی ٥١ ی دەستوور پێشمەرگە بەشێکە لەسیستمی بەرگری عێراق، وتیشی گوندێکیش سنووری هەیە بۆیە پێویستە سنووری هەرێمی کوردستانیش دیاری بکرێت.

سەبارەت بەدارشتنی شێوازی حوکم لەعێراق کاندیدی ژمارە ٤ی لیستی هاوپەیمانی رایگەیاند: دەبێ سیستمی حوکم لەعێراق پابەندی فیدرالی و فرە حزبی و ئازادیەکانی تاک بێت و رێگر بێت لەوەی جارێکی تر بەعسیەکان وئەوانەی بەرپرسن لەقەبری جەماعی و جینۆسیاد نەگەرێنە سەر دەسەلات و ئەوەشی لەبەغدا حوکم دەکات ئەوکاتە شەریکی دەبین کە باوەری بەمافەکانی گەلی کورد هەبێت و سیاسەتێکی بنیاتنەرانە لەناوچەکە پیرەوە بکات پێچەوانەی سیاسەتی شەرانگێزانەی رژێمی پێشوو.

دوای ئەوەی هەریەک لەم کێشانەی روونکردەوە سەعدی پیرە رایگەیاند: بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، پێویستیمان بەستافێک هەیە لەبەغدا لەوزمانە سیاسیە تێبگات کە لەوێ قسەی پێ دەکرێت و ئەو توانا دیپلۆماسیەیان هەبێت لەکێشمە سیاسیەکان پشتیوانی بۆکورد کۆبکەنەوەو پەیوەندی لەگەل هێزە سیاسیەکانی تری عێراق دروست بکەن، وتیشی ئەمەش بەوە دەکرێت پەرلەمانتاری کورد خۆی بەخاوەنی کێشەکانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بزانێ تەنها خۆی لەچوارچێوەی هەرێم قەتیس نەکات چونکە ئەم شێوە کار کردنە پالپشتی عەربیش لەناوچەکانی تری عێراق بۆ کورد کۆدەکاتەوە.

سەعدی پیرە کاندیدی ژمارە ٤ ی لیستی هاوپەیمانی دەسکەوتەکانی ١٠٠ رۆژی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی روونکردەوەو لەوانە بۆیەکەمجار راگەیاندنی شەفافی بودجەو زیادکردنی موچەی شەهیدان و ئەنفال و کەم ئەندام و خستنە بەرنامەی دووسایدکردنی کۆیەو بەراوکردنی ناوچەی شەمامک کە پرۆژەیەکی ستراتیژیی کشتوکالیە لەگەل لابردنی فایدەی سولفەی عەقارو راشیگەیاند سولفەی زەواجیش بەرێوەیە.

لەکۆتایشدا گرینگی هەلبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی روونکردنەوەو رایگەیاند: بەشداری کاریگەر لەم هەلبژاردنە پێگەی کورد لە بەغدا بەهێزتر دەکات و لە ژمارەی ئەو کورسیە تەعویزیانەش بێبەش نابین کە بۆ سەرجەم عێراق دانراوەو ژمارەیان ١٠ کورسیە.

داواشی کرد لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدەکانی ی.ن.ک هەلبژێرن کە هەر ئەوان خاوەنی دەسکەوتەکانن و هەر ئەوانیش دەتوانن پارێزگاری لێبکەن و کەموکوریەکانیش چارەسەر بکەن.

٤

٣٧٢

٣٧٢

www.arsivakurdi.org

ڕیکلام

# ژین نوری نانەکەلی کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



*** جیاوازی هەڵبژاردنی ئەم جارە لەگەڵ جارانی پێشوو؟**

- دیارە پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیمەکراسیەت دادەنرێت. هەر لەبەر ئەوەشە لەهەر وڵاتێک شێوازێکی تایبەت بە بارودۆخی وڵاتەکە وەردەگرێت. بۆ نموونە هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی داخراو یاخود لیستی کراوە یان بە لیستی نیمچەکراوە دیارترینیانە، لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەی لیستی داخراو پەیرەو کراوە، بەڵام ئەم جارەیان شێوازەکە گۆڕاوەو پەیڕەوی سیستەمی نیمچە کراوە بڕیاری لەسەر دراوە. بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم جارە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا. بە واتایەکی تر هاووڵاتیان دەتوانن جگە لە مەسەلەی باوەڕبوون بە حزبێک یان ئایدیایەک کەسێک یان نوێنەرێک بۆ خۆیان راستەوخۆ هەڵبژێرن، کە نوێنەرایەتیان بکات و داواکارییەکان و پەیامەکانیان لە ڕێگەی نوێنەرەکەیانەوە بگەیەنن. لە هەمان کاتدا گرنگی و جیاوازی هەڵبژاردنی ئەم جارە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەوەدا دەردەکەوێت کە هەلومەرجی سیاسی و حزبی لە هەرێمی کوردستان و عێراق گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بە بۆچوونی زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێشبینی ئەوە دەکرێت دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنە هاوکێشە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی هەرێم و عێراق تارادەیەک گۆڕانی بەسەردا بێت و کاریگەری هەبێت لەسەر رۆڵی کورد لە پایەتەختی عێراقی فیدراڵ و لە هەمان کاتدا کاربکاتە سەر شێوازو جۆری پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە سەرجەم بوارەکاندا بەتایبەتی سیاسی و ئابووری و دەستوری، هەر بۆیە سەرجەم حزب و هێزەکانی هەرێم و عێراق گرنگیەکی زۆر بەم هەڵبژاردنە دەدەن و لە هەمان کاتدا بۆتە گرنگی پێدانی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان.

*** گرنگی بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەچی دەبینیەوە؟**

- ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و گشت خاڵ و بڕگەکانی بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرنامەیەکی زۆر تۆکمەو فرە بوارە گرنگی دەدات بە سەرجەم بوارەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و لە عێراق بەگشتی، بۆ نموونە گرنگی دانی ئەم بەرنامەیە بە پرسە چارەنووسسازەکان لەوانە هەوڵی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و گەڕانەوەی ناوچە کوردنشینەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها جێبەجێ کردنی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ و ١٤١ کە تایبەتن بە سامان و داهاتە سروشتیەکان و نەوت بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، هەروەها خاڵێکی گرنگی تری بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی تایبەتە بە هەوڵدان بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی جۆری پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر بنەمای تەوافق و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. لە هەمان کاتدا گرنگی دابینکردنی ئاسایش بۆ هاووڵاتیان لە هەڕەشەو مەترسییەکان تەوەرێکی تری بەرنامەی لیستی هاوپەیمانییە، ئەمە جگە لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و پەیڕەو کردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ. بە شێوەیەکی جدی لایەنێکی تری بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی تایبەتە بە بواری خزمەت گوزاری بە تایبەتی گرنگی دان بە دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆو کارەباو رێگاو بان و تەندروستی و ژینگەیەکی پاکژ بۆ هاووڵاتیان. هەروەها گرنگی دان بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک، واتا باشترکردنی بژێوی ژیانیان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون و پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی و هەوڵدان بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی هاوچەرخ و دابینکردنی ئامێری پزیشکی پێشکەوتوو. هەروەها بابەتێکی گرنگی تری بەرنامەکە تایبەتە بە بواری پەروەردەو فێرکردن بە تایبەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستاو خوێندکارو باشکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی کەرستەی ماددی و مرۆیی پێویست بۆیان و گرنگی دان بە دایەنگاو باخچەی ساوایان و بوارەکانی تر. هەروەها گرنگی دان بە بواری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و رێزگرتن لە بۆنە ئایینیەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی سەردەمی دیکتاتۆری بەعس و بەرگری کردن لە مافی نەتەوەکانی تر بە پشت بەستن بە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

*** روانینتان بۆ ئەو هاوپەیمانیە فراوانەی هاوپەیمانیی کوردستان کە ١٦ حزب و لایەنی لەخۆوە گرتووە چۆنە؟**

- دیارە دەرەنجامی هەڵبژاردنی ئەم جارە رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر پێگەی کورد و پێگەی سیاسی کورد لە بەغدا، بۆیە هەرچەند حزب و لایەن و قەوارە سیاسییەکانی کورد یەک ریزو یەک هەڵوێست بن ئەوەندە زیاتر دەتوانن مافەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن و هەوڵی بەدەستهێنانی زیاتریش بدەن.

***وەک کاندیدێکی لیستی هاوپەیمانیی بەرنامەو ئامانجانت لە پەرلەمانی عێراق چییە؟**

- سەرجەم کاندیدەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پابەند بوون و باوەڕی خۆمان بە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی هەیە، کە گرنگی بە گشت بوارەکانی ژیان دەدات وەک لەم نێوەندەشدا من وەک کچی شەهید گرنگیەکی تایبەت دەدەم بە سەرجەم ماف و داخوازییەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و زیندانە سیاسییەکان.

*** چی بۆ خەڵکی هەولێر دەکەیت؟**

- هەروەکو پێشتر باسم کرد هەوڵدەدەم کارنامە و بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێ بکەین لە سەرووی هەموویانەوە باشتر کردنی باری ئابووری کۆمەڵانی خەڵکی هەولێر و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووان، گرنگی دان بە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری پارێزگای هەولێرو بایەخدان بە گوندنشینەکان و بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی و بەرقەرار کردنی ئارامی و ئاسایش لەم پارێزگایەدا بە گرنگی دان بە هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە و بایەخدان بە رێکخراوە مەدەنییەکان و باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەو باڵا و چەسپاندنی مافەکانی ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان بە پێی یاسا بە پشت بەستن بە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پاراستنی نەتەوەکان و ئایینەکان و مەزهەبەکانی تر لە پارێزگاکەمدا بەتایبەتی و لە عێراقدا بە گشتی.

* ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: هەولێر ١٩٧٨/٩/١.

* ساڵي ١٩٨٩–١٩٩٠ بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوڵستانی کچان لەهەولێر بەدەستهێناوە.

* ساڵی ١٩٩٨ لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی وەک خوێندکار وەرگیراوە.

* ساڵی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا لە زانکۆی سلێمانی پێبەخشرا.

* وەک لێکۆڵەرەوەی دادی لە دادگای نەوجەوانان لە سلێمانی دامەزراوە، ساڵی ٢٠٠٢.

* ساڵی ٢٠٠٤ راژەکەی گواسراوەتەوە بۆ دادگای کۆیە.

* ساڵی ٢٠٠٩ پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە هەولێر راژەی خزمەتی گواستراوەتەوە وەک لێکۆڵەرەوەی دادی لە ئەنجومەنی ناوبراو کاردەکات.

**بواری رۆشنبیری:**
بەشداری چەندین کۆڕو سیمیناری تایبەت بە ژنان و مافی مرۆڤی کردووە.

**بواری سیاسی:**
کچی شەهید نووری نانەکەلییەو ئەلف و بێی سیاسەت لە باوکی رەحمەتییەوە فێر بووەو هەردەم لایەنگری بەهێزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە.

٦

٣٧٢

ڕیکلام

# فریاد رواندزی کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



✓ ٣٧٢ ✓ ٨

www.arsivakurdi.org

ریکلام

# عوسمان شوانی کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



www.arsivakurdi.org

١٠

٣٧٢

التحالف الكوردستاني

٣٧٢

ریکلام

# خەمان زرار کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



خەمان زرار ئەسعەد لەدایکبووی ١٩٧٤ لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر، خاوەنی سێ بڕوانامەی ئەکادیمییە لە بوارەکانی " دبلۆم لە یاسا، بەکالۆریۆس لە ماف، ماستەر لە مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لەفەرەنسا".

ئەو وەک کچێکی کادیری بواری ژنان و گەنجان و ڕێکخراوەیی سالآنێکی زۆرە خزمەت دەکاو تا ئێستاش بەردەوامە، لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانیش وەکو ئەندامێکی چالاک چەندین کاری گرنگی کردووە، لە ئێستادا و بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خەمان زرار کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە پارێزگای هەولێر، لێرەوە بەشێک لە کارنامەو پلان و بەرنامەی خۆی دەخاتەڕوو...

## وەک ژنێک داکۆکیکارێک سەرسەختی ژنان دەبم

خەمان لە دەستپێک و وەکو ژنێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرسەختانە بەرگری لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان دەکا":من لە پەرلەمانی عێراقدا بەهەمان روحیەتی کارکردنم لە ڕێکخراوەکان و پەرلەمانی کوردستاندا کار بۆ ژنان و ئافرەتان دەکەم، لەڕێگای یاساوە هەوڵدەدەم هەموو مافەکانی ژنان پارێزراو و زامن بێ، هەروەک دەبێ بە یاساش ئەوە ڕێکبخرێ کە لە بەشداریکردنی ژیان و پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی نەمێنێ لەنێوان پیاو و ئافرەت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی شارستانی و تەندروست.

## بەقەد گەنجێتی خۆم کار بۆ خەونەکانی گەنجان دەکەم

خەمان زراری کاندیدی ژمارە ١٢ وەک گەنجێک بە ئەرکی گرنگی سەرشانی خۆی دەزانێ کە کار بۆ گەنجان بکا:"لەهەموو ئەو ناوەندانەی بەدرێژایی تەمەنی کارکردنم بە پلەی جیاجیا لێپرسراویەتیم وەرگرتووە، هەمیشە هەوڵمداوە کاری سەرەکیم کارکردن بێت بۆ پارێزگاری کردن لە پرۆژەکانی گەنجان و کارکردن بۆ خەونە وەدینەهاتووەکانیان، ڕەنگە ئەمەش تارادەیەک پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە خۆم گەنجم و تا ئێستا نەگەیشتووم بەهەموو ئەو ئاواتانەی لە گەنجیدا خەونیان پێوە دەبینرێت، بۆیە دەمەوێ لەڕێگای ئەو پلەیەوە خەونە وەدینەهاتووەکانی خۆم لە چاوی گەنجانی وڵاتەکەم ببینمەوە، بەو پێیەی بە دەنگی ئەوان ئەگەر ببمە نوێنەریان ئەوا ئەوکات جگە لەوەی خەونێکی خۆم دەبێ ئەرکێکیشم دەبێ بەپێی لێپرسراویەتی دەنگەکانی ئەوان کار بۆ گەنجان بکەم و ئەو بەڵێنانەم بینمەدی، کە هەمیشە بە گەنجان دەڵێم و وەک ئێوە گەنجم و وەک گەنجێکی بوێر و بەرگریکارێکی سەرسەخت لە مافەکانی ئێوە هەوڵی گەیشتن بە خەونەکانتان دەدەم.

## جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییمە

وەک لە بەرنامە و پرۆگرامی لیستی هاوپەیمانیشدا هاتووە، کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەرکێکی نیشتمانییەو دەبێ جێبەجێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەدا خەمان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەو جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە هەوڵی تایبەتی خۆی دەدا":بەر لە هەر شتێک دەبێت لەوە دڵنیابین کە لە پەرلەمانی عێراقدا کێشەو ناکۆکییەکانمان وەک پەرلەمانی کوردستان لەسەر بابەتە ناوخۆییەکان نییەو لەوێ لەڕێگای چەند قەوارەیەکی جیاوە کێشەکان تاوتوێ دەکرێن و ڕای جیاوازیش دەردەبڕدرێت، کە لەوانەیە زۆرجار ئەو رایانە وەک ئەوەی بینیومانە لەخولی پێشووی پەرلەمان بەجۆرێک لە جۆرەکان لە دژی کورد بن و بە زەرەری نەتەوەییمان بشکێنەوە، بۆیە بە ئەرکێکی هەرە گرنگی خۆمی دەزانم بەپێی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی لە یاساو دەستوورەکاندا هەمە لەگەڵ هاوکارەکانم بەوپەڕی توانا لەشەرەدەستوورییەکانی پەرلەمانی عێراق بەشداربم، چونکە گومان لەوەدا نییە کە پەرلەمانی عێراق گەورەترین سەنگەری بەرگریکردن دەبێت لە هەرێمی کوردستان، بێشک ئەمەش لەڕێگای ئەو نوێنەرە هەڵبژێردراوانە دەبێ کە دەنگدەرانی گەلی کورد هەڵیاندەبژێرن بۆ نوێنەرایەتی دەنگەکانیان، بۆیە لێرەدا ئەرکی دەنگدەر وەک مافی دەنگدانی بریتی دەبێ لەوەی بە هۆشیاری و زیرەکانە متمانەی دەنگی بەو کەسانە ببەخشێت کە شارەزاو لێهاتوو و بوێرن و شیاوی ئەو شەرەفەن".

## قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان بە یاسا ئەرکی سەرەکیم دەبێ

کاندیدی ژمارە ١٢ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر، لە پلان و بەرنامەی خۆیدا زیانلێکەوتووان و شەهیدانیشی لەبیرنەکردووە و دەیەوێ بە یاسا کاریان بۆ بکا و مافەکانیان دەستەبەر بکا"بەو پێیەی ئێمە خۆمان لە بنەماڵەیەکین شەهیدمان هەیە وەک زۆرینەی خانەوادەکانی کورد، بۆیە بە بەردەوامی هەست بە ئێش و ئازاری هەموو بنەماڵە شەهیدەکان دەکەم، بۆیەش لە بەرنامەم دایە گەر شەرەفی چوومە پەرلەمانم پێ بدرێ، کاری زۆر باش و جدی بکەم بۆ قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتوانی دەست تاوانەکانی بەعسی رووخاو، بۆیە بەر لەهەر شتێک هەوڵدەدەم بە یاسا چارەسەری ئەو کێشەیە بکەم و هەمووان بتوانن لەڕێگای یاساوە بە مافە سەرەتاییەکانیان بگەن، لەوەش گرنگتر دەمەوێ لەڕێگای چەند پرۆژەیەکەوە کە هەندێکیان پێشکەش کراون و جێبەجێ نەکراون، دووبارە بەجینۆساید ناساندنی کورد بە ئەرکی گرنگی خۆم دەزانم".

## پردێکی پەیوەندی ڕۆشنبیری لەنێوان کوردستان و دەرەوە دروست دەکەم

خەمان زرار ماوەی چەند ساڵێک لە فەرەنسا بووە و بڕوانامەی ماستەری لەو وڵاتە بەدەست هێناوە، ئەو لە بەرنامەی دایە پردی پەیوەندی ڕۆشنبیری و هاوکار و هەماهەنگی لەنێوان عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی دەرەوە دروست بکا:"بەوپێیەی ماوەیەک لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارم کردووە، پەیوەندییەکی تۆکمەم لەگەڵ کۆنسوڵ و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی دڵسۆزی کوردستان دروست کردووە، لەو بوارەدا ئەزموونێکی باشم کۆکردۆتەوە، بەو هیوایەم لە کارنامەی تایبەتی خۆمدا بتوانم لەناو پەرلەمانی عێراقدا بە شێوازی گروپ و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە لەڕێگای پەرلەمانی عێراقەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دروست بکەم بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی لەناو پەرلەماندا چارەسەر ناکرێ هەوڵبدرێ بەشێوەیەکی دروست بیخەمە بەر دیدی وڵاتانی دەرەوە و ڕای ئەوانیش لەسەر کێشەو گرفتەکان وەربگرین، کە دڵنیام ئەم پەیوەندییە بە لایەنی پۆزەتیڤ بۆ گەلی کورد دەشکێتەوەو دەتوانین لەڕێگای ئەو کاریگەرییانەی دەرەوە دۆزی کورد زیاتر بە دنیا بناسێنین.

## وەرزش و هونەر و ئەدەب بەشێکن لە کارنامەی خەمان

وەرزشوانان و هونەرمەندان و ئەدیبان وەک سێ توێژی گرنگی کۆمەڵگا بەدەرنین لە کارنامەی خزمەتکردنی خەمان،:"هەمیشە هەوڵمداوە بەپێی توانا لەهەموو چالاکییە هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیرییەکان ئامادەبم و ئامادەش بوومە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەردەوام ئارەزوویەکی تایبەتم بۆ دنیای ڕۆشنگەری هەبووە، بۆیە زۆرجار لەڕێگای ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هەمبووە کاری باشم کردووە بۆ زەمینەخۆشکردنی چالاکی و پەیوەندییەکی راستەوخۆی ناوەندەکانی چالاکی ڕۆشنبیری دەرەوە بۆ ئەنجامدانی کارو پرۆژەو چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان، کە بڕوام وایە لە ئێستای سەردەمی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی دنیادا، دنیای وەرزش و ئەدەب و ڕۆشنبیری بە گشتی شانبەشانی سیاسەت و دەسەڵات کاریگەری بەرچاو و ئەوتۆی دەبێت لەسەر دروستکردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەسوود لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات.

٣٧٢

١٢

ڕیکلام

# ملازم کەمال کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپارێزگای هەولێر



ملازم کەمال یەکێکە لە کاندیدەکانی "ی.ن.ک" بۆ پارێزگای هەولێر لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، دیارە ئەو بەرنامەی زۆرە بۆ کاتی چوونی بۆ پەرلەمانی عێراق، لێرەوە ملازم کەمال بەشێک لە بەرنامە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتەڕوو..

بەر لەهەر شتێک ملازم کەمال داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکا بەگڕوتینەوە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان:"چونکە ئەو ڕۆژە چارەنووسی کورد دیاری دەکا، کە تۆی دەنگدەر چوار ساڵ جارێک ئەو مافەی خۆت جێبەجێ دەکەی، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد لەو ڕۆژە بچێتە سەر سندوقی دەنگدان و بەڕەوایی دەنگی خۆی بدا، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەو شەنسەمان پێدراو کۆمەڵانی خەڵکی شاری هەولێر گەورەیان کردین بەوەی بچینە پەرلەمانی بەغدا، بە دڵنیاییەوە جگە لەو پرۆژە نیشتمانییانەی ئێمە هەمانەو لەسەر شانمانە جێبەجێی دەکەین و چەندین بەرنامەی دیکەی تایبەتی خۆشم هەیەو دەمەوێ لێرەوە بیخەمەڕوو:

**هەوڵدان بۆ بووژانەوەی ژیانی خەڵک**

بەر لەهەر شتێک و لە کارە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ملازم کەمال کارکردنە بۆ بووژانەوەی ژیانی خەڵک:"من هەوڵدەدەم و کاردەکەم بۆ بووژانەوەی ژیانی خەڵک لە ڕێگای هاندانی کەرتی تایبەت و پاشان کردنەوەی خولی تایبەت بۆ گەنجان و لاوان و کۆمەڵانی خەڵک، چونکە ئەگەر لەهەر وڵاتێک کەرتی تایبەت هاندرا و زۆربێ، بە دڵنیاییەوە زۆرترین کەس دەتوانن لەرێگای کەرتی تایبەتەوە ئیش بکەن، بەو مەرجەی خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوەو بڕوانامەی تایبەت وەربگرن، کە پێی دەگوترێ دبلۆم وەکو ئەوەی لە دەرەوەی وڵات هەیە، ئەوکات هەرکەس دەتوانێ بەو بڕوانامە دبلۆمەی خۆی کە هەیەتی لە کەرتی تایبەت کاربکا، بە یاساش کەرتە تایبەتەکان ڕێک بخرێن لەگەڵ حکومەت و دامودەزگا تایبەتەکان، بەوەی کە بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خانەنشینی تیابێ، ئەوکات ئەو جۆرە کارە وەکو ئەوە وایە لە فەرمانگەیەکی حکومی کاردەکاو هەموو مافێکی لەو کەرتە تایبەتە پارێزراوە، ئەوە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ئێمە بتوانین کار بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی و خەڵکی عێراق بە گشتی دابین بکەین، هەروەها ژیانیشیان مسۆگەر بێ، چونکە بەڕاستی گەنجانی ئێمە مەحرومن و خەونەکانیان تارادەیەک نایەتەدی بەوەی کە لەبەر بێکاری ناتوانن خەونەکانی خۆیان بێننە دی، چونکە گومان لەوەدا نییە کە هەموو کەسێک ناتوانێ بگاتە پلەی بەرزی خوێندن لە کۆلێژەکان. هەروەها هەوڵدەدەم کار بۆ ئەوە بکەین خولی هونەری بۆ لایەنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بڕوانامەشیان نییە بتوانن بەو دبلۆمەی لە خولە تایبەتەکان وەریدەگرن لە کەرتە تایبەتەکانی کشتوکاڵ کاربکەن.

**گەنجان لە بێکاری و خەمۆکی دوور دەخاتەوە**

هەر لە بەرنامەکانی خۆیدا ملازم کەمال هەوڵدەدا، کە کار بۆ گەنجان بکاو لە خەمۆکی و بێ کاری دووریان بخاتەوە "هەموومان دەزانین، ساڵانە چەند نەوەیەکی گەنج دێنە پێشەوەو دەیانەوێ کاربکەن، بەڵام لەبەرئەوەی لەعێراق بەگشتی فەرمانگەکان ئەو توانایەیان نییە هەموو دەرچووە گەنجەکان دابمەزرێنن، بۆیە من هەوڵدەدەم ڕێگا چارەی گونجاو بۆ گەنجان بدۆزمەوە و هەریەکەو لەبواری خۆی کاربکا، چونکە ئەوە گەنجانن کۆڵەگەی میللەتن و هەر وڵاتێکیش بیەوێ پێشکەوێ دەبێ گەنجانی ئاسوودە بن و خەونەکانیان بێننەدی، گەنج بەرێگا ئاسایی و سروشتییەکەی خۆی بڕوا، بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر بەشداری لە پێکەوە ژیان و دەسەڵات و کاری سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکا، ئەوکات دەتوانێ باشتر و چالاکتر کاربکاو وڵاتەکەی خۆی بەرەو پێشەوە ببا.

**بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی لەکارە گرنگەکانە**

ملازم کەمال زۆر جەخت لەسەر دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خانەنشینی دەکاتەوە و هەوڵی زۆر جدی دەدا بۆ ئەوەی ئەوە بە یاسا بچەسپێنێ و هەمووان لێی سوودمەند بن: "بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خانەنشینی لەکارە هەرە گرنگەکانمە، چونکە ئەو بیمانە ئەگەر وەکو وڵاتانی دەرەوە بکرێتە یاسا لە حکومەتی عێراقی ئەوکات شمولی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکا، پێموایە ئەوکات ئەو بێکاری و بێ دەرامەتییە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عێراق نامێنێ، چونکە کە بیمەی بێکاریت داناو بە یاسا چەسپاندت، بەدڵنیاییەوە هەموو کەسێک ژیانی مسۆگەرە تا کاری بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەگەر بیمەی تەندروستی هەبێ کە خەڵکێک لەسەر کار تووشی نەخۆشی یا کێشەیەک دەبێ تا ئەوکاتەی چارەسەری دەکرێ و دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی ئەوا ژیانی مسۆگەرەو مووچەکەی بە بەردەوامی وەردەگرێ تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی.

**بە یاسا مافی هونەری و ئەدەبی هونەرمەندان و نووسەران دەپارێزێ**

جیا لە زۆربەی کاندیدەکانی دیکەی لیستە جیاجیاکان، ملازم کەمال چینی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نووسەرانی لەیاد نەکردووە و بەجدی کاردەکا بۆ بەیاسایی کردنی پاراستنی مافیان."لەهەموو کۆمەڵگایەک هونەرمەند و نووسەر دوو چینی ڕۆشنبیری وریای چاوکراوەی ئەو میللەتەن، بە هونەر و قەڵەمەکەیان تەعبیر لەئێش و ئازاری میللەتەکەیان دەکەن، ئەوان دەتوانن میللەتەکەی خۆیان بە هەموو دنیای دەرەوە بناسێنن، لەرووی سیاسی، کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری.. هتد، بۆیە لەگەڵ هاوەڵەکانم لەوێ زۆر بەجدی کاردەکەم بۆ ئەوەی یاسایەک دابنرێ بۆ پاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان و مافی ئەدەبی نووسەران، بۆ ئەوەی هونەرمەند کە کارێک ئەنجام دەدا خۆی بەرهەمی کارەکەی خۆی بخوا، نەک لەبازاڕ بەشێوەیەک بازرگانی پێوە بکرێ کە ڕەنگە ئەو هیچ سوودی لێ نەبینێ وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، یان ئەدەبی نووسەران، کە دەبێ ئەوە ڕێزی تایبەتی لێ بگیرێ و لەناو شوێنە گشتییەکان بخوێنرێتەوە و مافیشیان نەخورێ.

هەروەها دەمەوێ پردێکی پەیوەندی بەهێز دروست بکەمەوە لەنێوان هونەرمەندان و نووسەرانی کورد و عەرەب و ئاشوور و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی عێراق، کە هەموومان دەزانین ئێستا ئەو پردە لاوازە، بۆیە کاری من دەبێ کار لە بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە بکەمەوەو کارەکان بە سیستەم بکرێ.

**دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە یاسا ڕێکبخرێن**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لە پلان و بەرنامەی ملازم کەمال بێبەش نین و ئەو بۆ ئەوانیش پرۆژەی زۆر باشی پێیە، "دەبێ یاسایەک هەبێ بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بتوانن کاری خۆیان بە ئاسوودەتر بکەن و حکومەتیش پشتیوانیان بکاو کارئاسانیان بۆ بکا.

**دەبێ کار بۆ وەرزشوانی خۆشمان بکەین**

وەرزش وەک کایەیەکی گرنگی هەر کۆمەڵگایەک بایەخی خۆی هەیە، پلان و بەرنامەکانی ملازم کەمال وەرزشوانانیشی لەخۆگرتووە و بێبەشی نەکردوون، "دیارە وەرزش بەشێکی گرنگە لەژیانی گەنجان، زۆر وڵاتی دنیاش هەیە لە کایە گرنگەکانی ژیانی وەکو "سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری...هتد" هیچ ناوێکی نییە، کەچی لەرێی وەرزشەوە ناوی دەهێنرێ و ناسراوە، بۆیە من هەوڵدەدەم دەرفەت بۆ یاریزانانی عێراق و کورد بڕەخسێ پەرە بە تواناکانیان بدرێ و وابکەین لە دنیای دەرەوەشدا یاریزانانی کورد بەتواناو بازووی خۆیان بناسرێن، وەک چۆن گەنجانی ئێمە ناوی یاریزانە دیارەکانی جیهان دەزانن با ئاوا گەنجانی وڵاتانی دیکەش ناوی یاریزانە ئاست بەرزەکانی ئێمە بزانن، هەروەها کاری زۆر جدیش دەکەم لەسەر ئەوەی وەرزشکاران ژیانی داهاتوویان پارێزراوبێ، بەو مانایەی گەر وەرزشکارێک بەتەمەن داچوو فەرامۆش نەکرێ و کەس لەیادی نەمێنێ، بەڵکو هەوڵدەدەم بە یاسایەک مافی بپارێزرێ و خزمەتی بکرێ.

**پێشمەرگە بووە و کاریش بۆ پێشمەرگە دەکات**

ملازم کەمال هەر لە ساڵانی زووەوە وەکو پێشمەرگەیەک کاری کردووە و لە ساڵی "١٩٧٩"وە تا ئێستا دانەبڕاوە لە کاری پێشمەرگایەتی و وەک خۆشی دەڵێ ئەو منەت نییە بەسەر کەسەوە، بەڵکو ئەو ئەو کارە پیرۆزەی بەواجب زانیوە، لەبارەی کارکردن بۆ پێشمەرگە ملازم کەمال دەڵێ: پێموایە تا ئێستا مەرکوبترین کەس پێشمەرگەن، خەڵکێکن سووتەمەنی شۆڕش بوونە و هەموو ژیان و خۆشی و لەزەتی دنیایان جێهێشت و بەرەو بەرگری کردن لە خاک و نیشتمان و شەهید بوون ڕۆیشتن، بۆیە سەرەتای کارە نەتەوەییەکانم ئەوەیە کە یاسای پێشمەرگە ڕێکبخرێ و وەکو سوپای عێراقی حیسابی بۆ بکرێ لە هەموو شتە پێویستەکان، بەو مەرجەی پارێزەری هەرێمی کوردستان بن و وەکو سوپای عێراقیش حیسابیان بۆ بکرێ، هەوڵیش دەدەم لەهەموو شارەکان یانەی پێشمەرگە هەبێ بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانیش کاتی بۆشایی خۆیان لەو یانەیە بەسەربەرن، هەروەها کاریش دەکەم لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی پێشمەرگە بوونە و ئێستا تاقەتی کارکردنیان نەماوە ناسنامەیەکیان بۆ بکرێ و ئەو ناسنامەیە لەهەموو شوێنێک فاکتەری کارئاسانی بێ بۆ پێشمەرگە و جیایان بکاتەوە لە خەڵکانی دیکە، کە لەهەموو دنیا "محاربین القدماء" هەیە و با پێشمەرگەکانی ئێمەش وەک ئەوان بن و ڕێزیان لێ بنرێ و بە چاوی سووک سەیر نەکرێن.

**هەوڵی بووژانەوەی کشتوکاڵیش دەدا**

بەو پێیەی کوردستان وڵاتێکی کوشتوکاڵییە، بۆیە ملازم کەمال بە ئەرکی گرنگی سەر شانی خۆی دەزانێ کار بۆ ئەو لایەنەش بکا،"وڵاتی ئێمە کشتوکاڵییەو ساڵانێکی زۆر پشتمان بە کشتوکاڵ بەستووە، بەڵام بەهۆی دڕندەیی بەعس لە ئەنفالدا ٤٥٠٠ دێی کوردستان بەسەر خەڵکەکەی وێران کراوە، تا ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە قەرەبوو نەکراونەتەوە، ڕەنگە ئەو کێشەیە لە ناوەڕاست و باشووریش هەبێ، بەدڵنیاییەوە هەوڵدەدەم پرۆژە یاسایەک دابنرێ بۆ ئەوەی ئەو دێهاتانە قەرەبوو بکرێنەوە و بەشێوەیەکی مۆدێرن ئەو دێهاتانە تازە بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بیووژێتەوە و ئەو فشارەی لەناو شار هەیە نەمێنێ، ئەگەر ئەو یاسایە هەبێ زۆربەی خەڵک بە ئاسوودەیی دەگەڕێتەوە سەر زێدی باب و باپیرانی خۆی و کاردەکا، لاوەکانیشمان ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی چۆن کشتوکاڵ پێشدەکەوێ و ناکرێ ئیتر هەر پشت بە باران نەبەسترێت، دەبێ کار لەسەر ئەوە بکەین کە کشتوکاڵ بەشێوەیەکی زانستی بکەین و ئامێری پێشکەوتوو دابەش بکرێ بەسەر جووتیاران و دێیەکانیش بەشێوەیەکی وا کامل ئاوەدان بکرێتەوە، کە خەڵکەکە واهەست بکا لەشار دادەنیشێ و نەفسیەن ئاسوودەبێ، کە بێگومان ئەو شتانە بە کاری هەرە گرنگ و سەرەکی خۆم دەزانم.

٣٧٢

هاوپەیمانی کوردستان

٣٧٢

التحالف الكوردستاني

٢٠

www.arsivakurdi.org

ڕیکلام

# دکتۆر فوئاد مەعسوم دیپلۆمات و سیاسەتمەداری ڕۆژانی سەخت




متمانەمان پێ بکەن
دەنگتان بە فیڕۆ ناچێت

## کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارێزگای هەولێر

٣٧٢

هاوپەیمانیی کوردستان

٣٧٢

التحالف الكوردستاني

٢

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
■ بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ ڕاوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور
■ ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
■ ڕاوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
■ ڕاوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
■ ڕاوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +